گوڤاریکی هەفتانەی گشتییە

# ڕزگاری

chalakmuhamad@gmail.com

- بە ئاشتی پیکەوە ژیان چـونـە ؟
- با خزمەتی گـەل بکەین
- سمیح القاسم لـە ڕۆژمیرەکەیدا ئەنووسیت

١٣

٢٤ ی شباط
١٩٧٠

لەپیناوی چەسپاندنی ئـاشتی لە کوردستاندا

# دەمەتەقێی

بنەماڵەی رزگاری

***

لە نیوەی یەکەمی ئەم مانگەدا کونگرەیەکی نوێی نەقابەی ماموستایان ، کونگرەی هەشتەم ، بەسترا . وە بو جارێکی تریش ماموستایانی کوردستان هاوبەشییان تیا کردو بەشداری چالاکی هەموو لیژنەکانی سەر بە کونگرەیان کردو ئەوەندەی پەیوەندی بە دەوری ماموستایانی کوردستانەوە هەبیت بێ کەمو کووری پێی هەلسان . جا ئەوەی کە ماوەتەوە ئەوەیە بریارەکانی کونگرە بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەندی بە خوێندنی کوردیەوە هەیە بچێتە کایەی جێبەجێ کردنەوە چونکە وەك ئەزانین کە کونگرەی حەوتەم بە سووری یەکەمو دووەمیەوە گەلێك بریارو راسپاردەی جوانیاندا لە بارەی مافە روشن بیری یەکانی کوردەوە . بەلام جێبەجێ کردنەکەیان گەیشتە ئەوەی کەکونگرەیەکی کەشی بەسەرا بیت . هەرچەند بە بەیاننامە زوربەی ئەو مافە روشن بیری یانە سەلمینرا لە لایەن ( ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش ) دوە بەلام ئەوەش هەر وا ماوەتەوە بێ ئەوەی دەزگا لێ پرسراوەکانی دەولەت دەست بدەنە سووچیکی ودەوری خویان ببینن لە راستکردنەوەو خستنە سەر پێیدا .
ئەوەی کەگرنگ بێ لیرەدا ئەوە نی یە تەنها بریار بدریت وراسپاردەکەلەکە بکریت بەلکو گرنگ ترئەوەیە ئەوبریار وراسپاردانە ریگەی خوی بگری بەرەو جێبەجێ کردن کەئاراستەکردنی دەزگا لێ پرسراوەکانی دەولەت بو پەلە کردن لە جێبەجێ کردنی ئەو بریارو راسپاردنانە وە ریگەتەخت کردن لە بەردەم بەرێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی کە بە بێ ویستی سەر شانی خوی هەلسی وە کەمیك جوولاندنی دلسوزانە لە لایەن کاربەدەستانەوە بو پتر دوانەخستنی ئەبیتە مایەی لا بەلا کردنی گەلێ گیروگرفت لەم رووەوە چونکە بە جێبەجێ کردنی ئەوانە بەردێکی بناغەی یەکیتی نیشتمانی ئەچەسپیو ری خوش ئەکری بو جێبەجێ کردنی هەموو مافە رەواکانی تری گەلی کورد .


## رزگاری

گوڤارێکی هەفتانەی گشتی یە
خاوەنی ئیمتیاز : نەوشیروان مستەفا
سەر نووسەر : پاریزەر شازاد صائب
ناوونیشان :
سلیمانی ( گوڤاری رزگاری ) تلفون : ٤٧٤
ئابونەی بەشداربوون :
بو سالیك ٥٠٠ر٢ دینار
بو شەش مانگ ٧٥٠ر١ دینار

# لە پیناوی چەسپاندنی ئاشتی لە کوردستاندا

**چارە سەر کردنی مەسەلەی گەلی کوردو برانەوەی شەرری برا کوژە لە کوردستانی عراقدا یەکیك بووە لە ئامانجەکانی گەلی عراق کە پارتیمان ، پارتی دیموکراتی کوردستان هەمیشە خەباتی بو کردووە . حزبو تاقمە پیشکەوتووەکانی عراقیش گەلی جار دروشمی چارە سەرکردنیکی دیموکراتی و عادلانەیان بەرز کردوتەوە . چونکە لە نەسەلماندنی مافە رەواکانی گەلی کوردو دریژەدان بە شەرری براکوژەدا هەر دوژمنانی کوردو عەرەب کەلکیان وەرگرتووە .**

بویە سەلماندنی مافی چارە نووسی گەلی کورد بە شیوەی ئوتونومی بو کوردستان لە چوار چیوەی عراقیکی پیشکەوتوودا ئەبیتە هوی لابەلا کردنی مەسەلەی کوردو بەربەست کردنی هەولو تەقەلای ئیمپریالزم و سەهیونیەت و سەنتوو دەولەتی کونەپەرستی ئیران بو خوش کردنی ئاگری شەرری ناوخو . میژووی دەولەتە چەند نەتەوەیەکانی جیهان زور جار ئەم راستیەیان ساغ کردوتەوە کە یەکیەتی نشتمانی دەولەتی فرە نەتەوە هەر بە سەلماندنی مافی نەتەوەکان بە هیزو بتەو ئەبیت ، هەر بە لە ناوبردنی چەوساندنەوەی چینایەتی و ئازاردانی نەتەوایەتی ئەچەسپیت و گەشە ئەکات .

جا گەر بیتو بوستری کە مەسەلەی گەلی کورد بە تەواوی چارەسەر بکریت پیویستە مافی ئوتونومی بو کوردستان بسەلمیندریت وە حوکمیکی نشتمانی ئیتیلافی لە هەمو حزبە پیشکەوتووەکان دابمەزریندریت وە ماوە بدریت کە کومەلانی خەلکی کوردستان ، کەلك لە مافەکانی نەتەوایەتی خویان و سەربەستیە دیموکراتیەکان وەرگرن . هەر وەك پیویستە کە هەمو لایەکی کورد دەست لە شەرری کورد کوشتن هەلگرن وە وەك پارتی دیموکراتی کوردستان ئەمری داوە بە پیشمەرگەکانی کە خویان دوورخەنەوە لە شەرری براکوژی ، هەمو لایەکانی تریش هەمان جورە ئەمری شەر نەکردن و پەلامارنەدان دەر بکەن بو چەکدارەکانی خویان ، وە بە تەواوی واز لە پەلاماردانی رولە دلسوزەکانی گەلەکەمان و بومباران کردنی شارەکانی کوردستان بهینن واتە پیویستیەکی زور هەیە بە ئاشتیەکی راستەقینە کە تیایا دەنگی توپ و تفەنگ و مەترەلوز کپ ببیت بە تەواوی .

هەروەها پیویستە کە زور ئاگاداری پیلان و دەسیسەی ئیمپریالست و کونەپەرست و سەنتو بین کە لە دژی ئاشتی و چارە سەر کردنی دیموکراتیانەی مەسەلەی کوردا ئەیگیرن . ئەمەش هەر بە یەکگرتنی هەمو هیزە شورشگیرو دلسوزەکانی گەل و بەرەللاکردنی سەربەستی و ئازادیە دیموکراتیەکان ئەبیت . بویە ئەبی پەلەیان لی بکریت .

هیچ گومانیش لەمەدا نیە کە پارتی پیشرەوی کومەلانی خەلکی کوردستان ، پارتی دیموکراتی کوردستان هەمیشە لە ریزی پیشەوەی تیکوشەرانی ریگەی رزگاری و دیموکراسی و بە دەستهینانی مافەکانی گەلی کوردو سەربەستیە دیموکراتیەکانی گەلی عراق ئەمینیتەوە . وە پارتیمان هەمیشە تیکوشەریکی نەبەز ئەبیت لە پیناوی بە ئاشتی چارە سەر کردنیکی دیموکراتی مەسەلەی کوردا چونکە پارتی دیموکراتی کوردستان هیچ دەسکەوتیکی جیای نیە لە دەسکەوتەکانی گەلی کورد بەولاوە . بویە هەرچی بو کوردو کوردستان باش بیت ، هەرچی خیری گەل و دەسکەوتی کومەلانی خەلکی تیا بیت ، بو خوشی بە باش و پەسندیان ئەزانیت . **ئیمە تاکە پیپیومان هەر دەسکەوتی کومەلانی خەلکە ، هەر دەسکەوتی کوردو کوردستانە کە بە بەشیکی لە جیا کردنەوە نەهاتووی دەسکەوتی گەلانی روژهەلات و گەلانی دنیای ئەزانین . سەبارەت بەم راستیەی کە دەسکەوتی هەمو گەلان هەر یەکەو خەباتی هەمو گەلان دژی ئیمپریالزم و سەهیونیەت و کونەپەرستی وە لە پیناوی رزگاری و دیموکراسی گەلی و سوشیالزمدا یەك تاکە زنجیرەی لە پسانن نەهاتووە .**

**کەواتە با هەمومان خەبات بکەین لە پیناوی مافەکانی گەلی کوردو چارەسەرکردنی دیموکراتی مەسەلەی کوردو بە ئاشتی براندنەوەیدا .**

# بە ئاشتی پیکەوە ژیان چونە ؟

نووسینی : پیروت

هەر لەو رۆژەوە کە یەکەم دەولەتی سوشیالستی سوفیاتی دامەزراوە ، مەسەلەی بە ئاشتی پیکەوە ژیانی دەولەتی کریکاران‌و جوتیاران‌و دەولەتە سەرمایەدارەکان هاتوتە کایەوە . چونکە هەر زوو سەرکردەی مەزنی یەکەم شورشی سەرکەوتووی پرولیتاریاو سەرەک وەزیرانی یەکەم دەولەتی سوشیالستی ڤلادیمیر ئیلیچ لینین ئەم راستی‌یەی بلاو کردەوە کە بو ماوەییکی میژوویی بە ناچاری دەولەتیك یان چەند دەولەتیکی سوشیالستی لەم جیهانەدا شان بە شانی دەولەتە سەرمایە دارەکان ئەبی بیکوزەرینن تا ئەو رۆژەی کە شورشی کریکاران‌و گەلانی زور لیکراو بە هاوکاریەکی شورشگیرانە ، رەژیمی سەرمایەداری‌و ئیمپریالستی را ئەمالن وە گەلان بە یەکجارەکی رزگار ئەکەن لە کارەساتی جەنگ‌و ناکوکی نیوان دەولەتان .

بویە لینین نەخشەی سیاسەتی بە ئاشتی پیکەوە ژیانی دانا بو دەولەتی کریکاران‌و جوتیارانی روسیای سوڤیاتی . وە هەر چەندە دەولەتە سەرمایەدارەکان گەلەکومەکیان لە روسیای سوڤیاتی کردو بە هەمویان هەلیان کوتایە سەر وە بە هیزی چەکدارو پیلانگیران ویستیان لە ناوی بەرن بەلام لینین هەر لە سەر ئەم راستی‌یەی خوارەوە سوور بوو کە :

« سوشیالیزم ناتوانیت لە یەك کاتو ساتدا لە هەموو ولاتاندا سەرکەویت . بەلکو لە پیشەوە لە ولاتیکدا یان لە چەند ولاتیکدا سەرئەکەویت .... وە ولاتانی تر لە سەرمایەداری یان لە پلەی خوار سەرمایەداری‌یەوە ئەمیننەوە » .

بویە لەم ماوەیەدا پیویستە دەولەتی سوشیالستی بە ئاشتی پیکەوە ژیان پەسند بکات لەگەل دەولەتە سەرمایەدارەکاندا . بەلام هەلبەتە سیاسەتی بە ئاشتی پیکەوە ژیان سیاسەتی دەولەتی سوشیالستی‌یە لە گەل دەولەتە سەرمایەدارەکان لە ماوەییکی موەقەتدا نەوەك تا سەر چونکە دەردی لینین گوتەنی « مانەوەی جەمهوریەتی سوشیالستی شان بە شانی دەولەتە ئیمپریالستیەکان بو ماوەیەیکی دریژ کاریك نیە رەچاو بکریت . لایەك هەر ئەبیت لە دوایدا سەر کەویت . وە پیش ئەمەی بەم ئەنجامە بگەن بە ناچاری ریچەکەیەك پیکاهاتنی سامناك روو ئەدات لە نیوان جەمهوریەتی سوڤیاتی‌و دەولەتە بورجوازیەکاندا »

هەر لە بەر ئەم راستی‌یەش بوو کە لینین چەندین جار دووپاتی کردوتەوە کە :

« ئەو دەرسەی کە پیویستە کریکاران‌و جوتیاران باشی تی‌بگەن ئەمەیە کە هەمیشە ئەبی ووریاو ئاگادار بین‌و بە بیر خومانی بهینینەوە کە ئیمە گەمارو دراوین بە کەسان‌و چینان‌و حکومەتانی ئەوتو کە ئەوپەری ناحەزیان هەیە لە گەلماندا . وە پیویستە هەمیشە ئەمەمان لە بیر بیت کە هەرمویەکمان بەینە لە گەل هەمو جورە پەلاماردانیك »

لە گەل ئەمەشا بە ئاشتی پیکەوە ژیان لە ماوەیەکدا پیویست‌و مومکینە . وە دەولەتی سوشیالستی

هیچ کاتێك ڕێگەی داگیرکردنی وولاتانو پەلاماردانی دەولەتانی تر ناگرێتە بەر . بەلکو گەرەکیەتی ئاشتیو بە ئاشتی پێکەوە ژیان بپارێزێت . بەلام پاراستنی ئاشتیو راگرتنی سیاسەتی بە ئاشتی پێکەوە ژیان بە پەلاتیقەکردنو خورەپیش کردن لە دەولەتە سەرمایەداریەکان نابێت بەلکو **هەر بە خەبات کردن ئەبێتهەر بە خەباتیشورشگێرانەی دەولەتە سوشیالستیەکانو پرولیتاریای جیهانو گەلانی زور لیکراو ئەبێت .**

ئاشتی جیهانو سیاسەتی بە ئاشتی پێکەوە ژیان بەمە ناپارێزرێت کە دەولەتە سوشیالستیەکان واز لە یارمەتیدانی پرولیتاریای شورشگێرو گەلانی شورشگێر بهێنن بەلکو بە یارمەتیدانی ئەم خەباتەیان ئەبێت . لینین ئەلی : « روسیای سوڤیاتی بەو پەری شانازی ئەزانێت کە یارمەتی کرێکارانی هەمو جیهان بدات لە خەباتی سەختیاندا بو روخاندنی سەرمایەداری .» هەروەها دەولەتی سوڤیاتی ئاشتیخواز هەمیشە لە سەردەمی سەرکردایەتی لینینو ستالیندا سیاسەتی بە ئاشتی پێکەوە ژیانیان بە خەباتکردن دژی ئیمپریالیزمو جەنگی ئیمپریالستی سەپاند بە سەر دەولەتە سەرمایەدارەکاندا هەر وەك بە یارمەتیدانی خەباتی شورشگێرانەی پرولیتاریاو گەلانی زورلیکراو ئەم سیاسەتە ئەپارێزرێت چونکە دەولەتە سەرمایەدارو ئیمپریالستەکان هەر ئەبی بە ناچار کران ئەم سیاسەتەیان پی قبول کرێت

چونکە شەرری ئیمپریالستی ، شەرری پەلاماردانو داگیرکردن خاسیەتیکی سەرمایەداریە .
لینین ئەلی :

« ئا ئەمەیە رێگە ، هەمیشە هەر کە دوژمن ئەبەزێندرێت ئەوسا دەست ئەکات بە قسەکردن لە سەر ئاشتی » کەواتە هیچ کاتێك نابێت باوەر بە « ئاشتی خوازی » دەولەتە سەرمایەدارو دەولەتە ئیمپریالستەکان بکرێت . هیچ کاتێت نابی باوەر بە « پیاوچاکی »و « دلسوزی » سەرمایەدارو ئیمپریالستەکان بو ئاشتی گەلان بکرێت . بەلکو هەمیشە ئەبی ئەم راستیەمان لە بیر بێت کە تاکو سەرمایەداریو ئیمپریالیزم لە جیهاندا مابێت مەترسی شەرری جیهانی هەر ئەمینێت . وە شەرری رزگاری نشتمانو جەنگی گەلیو جەنگی چینە رەنجدەرەکان هەر ئەقەومێت .

بویە هەلەیەکی مەبدەئی گەورە ئەبێت گەر بە ئاشتی پێکەوە ژیان وا لیك بدرێتەوە کە بە ئاشتی پێکەوە ژیانی سەرمایەدارانو کرێکاران بێت یان بە ئاشتی پێکەوە ژیانی گەلانی ژێر دەستەو زورلیکراوبێت لە گەل ئیمپریالستو داگیرکەران . چونکە بو ئەمانە بە ئاشتی پێکەوە ژیان مانای بە دیلو چەوساوە هێشتنەوەی رەنجدەرانو گەلانی زورلیکراوە لە ژێر حوکمی سەرمایەدارەکاندا . بو رەنجدەرانو گەلانی زورلیکراو لەجیاتی سیاسەتی بە ئاشتی پێکەوە ژیان ئەبی سیاسەتی خەباتی شورشگێرانە ، رێگەی خەباتی شورشگێرانەی چەکدارانە بگرنە بەر تا رزگاربن لە ئیمپریالزمو داگیرکەرانو زورداران لە سەر دەولەتە سوشیالستەکانیش پێویستە کە یارمەتی ئەم خەباتە بدەن ، وە هاوکاری لە گەل ئەم خەباتە شورشگێرانەی گەلانو پرولیتاریای دنیا بکەن بە سیاسەتی بنچینەیی خویان .

ستالین کە هەمیشە سوور بو لە سەر سیاسەتی بە ئاشتی پێکەوە ژیانیشو هەمیشە لە پێناوی ئاشتی جیهاندا خەباتی کردوە لە بابەت سیاسەتی دەرەوەی دەولەتی سوڤیاتی گوتویەتی کە تەنها هەر دوو رێباز هەیە بوی :

یەکەمیان ئەمەیە کە « درێژە بدەین بە پەیرەوی کردنی سیاسەتی شورشگێرانە ، پرولیتاریاو زور لیکراوانی هەمو گەلان لە دەورەی چینی کرێکاری یەکگرتنی سوڤیاتی بهالینین - وە لەم کاتەدا سەرمایەداری جیهانی بە هەمو جورێك بەرهەلستی پێشکەوتنمان ئەکات » وە دووەمیان ئەمەیە کە : « واز لە سیاسەتی شورشگێرانەی خومان بهێنین ، وە رازی بین بە هێندی « وازهێنانی مەبدەئی بەرامبەر سەرمایەداری جیهانی - لەم حالەتەشدا سەرمایەداری جیهانی بی گومان ئامادە ئەبێت بو **« یارمەتی دانمان »** بو ئەوەی وولاتە سوشیالستیەکەی خومان بە ئاشتی بکەینەوە بە جەمهوریەتیکی بورژوازی **« باش »** »

بویە ستالین ئەلێت کە ئیمە بە هیچ جورێك ناتوانین ئەم رێبازە

بگرین مەگەر بمانەوی واز لە بیرو باوەری مارکسی‌و لینینی بهینین ، واز لە دەولەتی سوشیالستی خومان بهینین . چونکە سیاسەتی بە ئاشتی پیکەوە ژیانی دەولەتی سوڤیاتی لەگەل دەولەتە ئیمپریالستەکان‌و سەرمایەدارەکان هەروەختیك بەردەوام ئەبیت کە هەر دوولا بیانەویت‌و ئامادەبن بو جیبەجی کردنی ئەرکەکانی سەر شانیان ، و مەبدەئی وەك یەکی‌و دەست لە کارو باری ناو خوی دەولەتەکان وەرنەدان رەچاو بکەن کەواتە سیاسەتی بە ئاشتی پیکەوە ژیان ئەمەش ئەگەیینی کە دەولەتە ئیمپریالستەکان ناچارکرین کە ئیحترامی سەربەخویی دەولەتە سوشیالست‌و نشتمانیەکان بگرن وە دەست نەخەنە کارو باری ناو خویانەوە .

جەمهوریەتی گەلی چین کە لەوەتەی دامەزراوە بە شیوەیەکی راست‌و دروست پەیرەوی سیاسەتی لینینی بە ئاشتی پیکەوە ژیان ئەکات ، بو جی‌بەجی‌کردنی ئەم سیاسەتە « پینج مەبدەئەکەی بە ئاشتی پیکەوە ژیانی » داناوە بو بەرهەلستی سیاسەتی پەلاماردان‌و شەرخوازانەی ئیمپریالستەکان ، کە بە گویرەی ئەم مەبدەئانە ، نابی پەلاماری نشتمان‌و سەربەخویی گەلان بدریت وە یان دەست بخریتە کارو باری ناوخویی تایبەتیانەوە وە یان جەنگ لە گەلیان بکریت وە یان زیان بە دەسکەوتی نشتمانی‌و وەك یەکیان بگەیەندریت . بەلام ئەم سیاسەتی لینینیەی بە ئاشتی پیکەوە ژیان ریگەی نەگرتووە لە یارمەتی گەلانی ڤیەتنام‌و خواروی روژهەلاتی ئاسیاو شورشگیرانی جیهان لە لایەن جەمهوریەتی گەلی چینەوە هەروەك نەشبوتە هوی خو کیشانەوە لە هاوکاری‌کردن لە خەباتی شورشگیرانەی پرولیتاریاو رەنجدەران‌و گەلانی زورلیکراودا دژی ئیمپریالیزم‌و کونەپەرستان .

سەروك ماوتسی‌تونگ ئەلی :

«لە پیناوی هینانەدی‌ئاشتی‌یەکی تا سەری جیهانی ، پیویستە لە سەرمان کە دوستایەتی‌و هاوکاری خومان گەشە پی بکەین لەگەل ولاتانی دوست‌و برای ئوردوی سوشیالزم‌دا وە دوستایەتی بە هیز تر کەین لە گەل هەمو گەلانی ئاشتیخوازدا . وە لە سەرمان پیویستە کە هەولدەین بو دامەزراندنی پەیوەندی ئاسایی دیبلوماسی لە گەل هەمو ئەو ولاتانەی گەرەکیانە بە ئاشتی لە گەلمان بژیەن لە سەر بناغەی ئیحترام گرتنی یەکیەتی‌و سیادەتی هەردوولاو ئیحترام گرتنی وەك یەکی‌و دەسکەوتی هەردوولا .

هەروەك لە سەرمان پیویستە کە چالاکانە یارمەتی بزوتنەوەی سەربەخو یی نشتمانی‌و رزگاری بدەین لە ئاسیاو ئەفریقیاو ئەمریکای لاتین‌دا وە هەروەها یارمەتی بزوتنەوەی ئاشتی خوازی‌و خەباتە رەوایەکانی هەمو ولاتان بدەین » .

- بنوارە خوتبەی کردنەوەی کونگریسی هەشتەمی حزبی شیوعی چینی -

ئا ئەمەیە سیاسەتی بە ئاشتی پیکەوە ژیانی لینینی ، ئەم سیاسەتەی لینین نەخشەکەی بو دەولەتی سوڤیاتی کیشاو ستالین پەیرەوی کرد . بەلام ئەم سیاسەتی بە ئاشتی پیکەوە ژیانەی لینین بە تەواوی جیاوازە لە سیاسەتی « بە ئاشتی پیکەوە ژیانی » خروشوف کەناوەروکەکەی‌سیاسەتی خو نزیك کردنەو دوستایەتی بوو لە گەل دەولەتە سەرمایەدارەکان‌و ئیمپریالستی ئەمریکی بی گوی‌دانە دەسکەوتی شورشی جیهانی . بی رەچاو کردنی تەبیعەتی شەرخوازانەی ئیمپریالزم . بی پەیرەوکردنی سیاسەتی شورشگیرانەی هاوکاری‌و هاو خەباتی لە گەل پرولیتاریای شورشگیری دنیاو گەلانی شورشگیرو زورلیکراوی ئاسیاو ئەفریقیاو ئەمریکای لاتین .

خروشوفیەکان بە ئاشتی پیکەوە ژیانیان کردبوو بە « بە تاکە ریگە پەسندە کە بو چارە سەر کردنی مەسەلە گرنگەکانی (۱) کە روبەروی کومەلی مروف ئەبن » وە بە « (۲) ریبازی گشتی سیاسەتی دەرەوەی یەکگرتنی سوڤیاتی‌و دەولەتەکانی ئوردوی سوشیالزم » دا ئەنا نەك هەر بو دەولەتە

بو لاپەرە ( ۱۳ )

(۱) رومیانتیف « سلاحنا الایدیولوجی المشترك » مجلة قضایا السلم والاشتراكیة العدد الاول ۱۹٦۲

(۲) خوتبەیەکی خروشوف لە سفارەتی کوریای دیموکراتی گەلی لە موسکو روژی ٥ تموز ۱۹٦۱

# کوردایەتی و کونجی پیلەبازی

## پی ویستی تیوری یەکی شورشگیرانە

### فوئاد قەرەداغی

خەباتی ئیمروی گەلەکەمان ئەلقەیەکی ئەو زنجیرە دوورو درێژەی خەباتی رزگاری خوازانەی نەتەوەکەمانە ، ئەو خەباتەی کە یەکسەر دوای پەیدابوونی کوردایەتی ، دوای ئەوەی کوردستان کەوتە بەر پەلاماردان و هیرشی دەولەتە گەورەکانی دراوسێی پەیدا بوو .

وە کە ئەلیین خەبات ئەو هەموو هەول و کوشش و تیکوشان و شورش و قوربانی دانە ئەگریتەوە کە بە درێژایی میژووی دروست بوونی نەتەوەی کورد کراوە لە پیناوی رزگاری دا . وە خەباتی ئیمروشمان هەر ئەو نخو بەخت کردن و تەقەللادان و فیداکاری یەی جارانە بو رزگاری نەتەوایەتی کورد لە گەل هەندیک جیاوازی دا کە لە ناوەروکی ووتارەکەدا دیتە سەری و باسی ئەکەین .

بە کورتی خەبات کردنمان ئەو هاوبەشی یە یە کە لە تیکوشانی بزوتنەوەی رزگاری نەتەوایەتی کوردا ئەی کەین بەوانە خەباتی کوردایەتی یە لەو کاتەوەی کە لە ئەنجامی گوران و گەشە کردنی کومەلایەتی کومەلی کوردستانەوە ، لە ئەنجامی چرو کردنی کوردایەتی یەوە پەیدا بووە تا ئیستا ....

خەبات کردن بو رزگاری نەتەوایەتی کورد لە ئەنجامی هیرش و پەلاماردان و کاول کردنی کوردستانا هاتە پیشەوە ، هەر چەندە ئەو چین و تاقم و بەرانەی کە بەرگری یان لە کوردستان ئەکرد نوینەری چینیکی تازە بوون و لە بنچینەدا مەبەستیان پاراستنی ناوەرووکە سەرمایەداری یەکەی کومەلی کوردستان بوو .

وە ئەو هەستە نەتەوایەتی یەی کە لە ناو خەلکی دا پەیدا بوو ئینعکاسی ئەو ئازاردانە نەتەوایەتی یە توندو تیژە بوو کە لە ئەنجامی ئەو هیرش و پەلاماردانانەدا هاتبووە کایەوە ، وە باشتر بلیین ئەو خەباتە روو بە رووی ئەو پەلامارە درندانەی دەولەتە دراوسی کان بوو کە کوردایەتی هەر لە سەرەتاوە ناچار کرد کە بو بەربەست کردنی ئەوەو بەرگری کردن لە خوی و نەتەوەی کورد ریگای شورشگیرانە بگریتە بەر وە هەر لە یەکەم روژەکانی ژیانی یەوە پەیرەوی بکات و شان بە شانی بروات .

پەیرەو کردنی ریبازی شورشگیرانە کە بەم جورە هاتە پیشەوە تا نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم بە ئارەزوو وە لە هەلبژاردنی کورد نەبوو بەلکو باری ئالوزاوی خەباتی و تووش بوونی بە دەست ئەو هەموو داگیرکەرو دوژمنە زوردارانەی کە ناشیرین ترین باری ئازاردان و چەوساندنەوەیان لە کوردستانا خستەوە ، ئەم ریبازەی بە سەردا سەپاند وە یا روون تر دانی پیا بنیین کە تا نیوەی یەکەمی ئەم سەدەیە شورشگیرایەتی کوردایەتی شورشگیرایەتی یەکی ( عفوی ) بووە ، بەری بیری پیشکەوتووانەو لیکدانەوەیەکی قوولی سیاسی و ئابوری و کومەلایەتی نەبووە لە لایەن سەرکردەکانی بزوتنەوەکەوە کە ئەو ریگایەیان پی بگریتە بەرو بە پەیرەو کردنی ئەو جورە بیرکردنەوەو لیکدانەوەیە سەرکردایەتی کوردایەتی بکەن . بەلام لە گەل ئەوەشدا کە کوردایەتی لە بەردەمی تیوری یەکی شورشگیرانەی پیشکەوتوودا هەنگاوی ئەنا بە تاقی کردنەوەی خوی وە لە ئەنجامی چەندین جار کەوتن و گلان و هەلسانەوە گەیشتە چەند راستی یەکی ئەو تو کە ئەگەر بەراووردی بکەین لە گەل ئەو

راستی‌یانەدا کە بیری شورشگیرانەی پیشکەوتوو ، کە خوی لە تیوری سوسیالیزمی زانستی‌دا دیاری ئەدا ، ئەی‌خاتە بەردەستمان ئەبینین کە بە تەواوی لە گەلیا ریکەو هیچ جیاوازی‌یەکی نی‌یە وا بو نمونە هەندیك لەو پەندو راستی‌یانەی ئەو ماوە دوورو دریژەی خەباتی کوردایەتی کە بومان ماوەتەوە ئەنووسین :

١ ـ ناسینی دوستو دوژمن : کوردایەتی پاش هەزاران قوربانی‌دانو سەدان جار ویران کردنی کوردستانو دەیان جار خستنە رووی مەسەلەی کورد لە دەزگادەولەتی‌یەکان‌دا بە تەواوی دوستو دوژمنی بو ئاشکرا بوو بەوەی کە ئیمپریالیزم دوژمنی هەرە سەر سەختی کوردایەتی‌یە وە کونەپەرستەکانی ناوخو لە بورژوازی‌یە گەورەکانو دەرەبەگەکان رووی جی‌بەجی‌کەری پیلانەکانی ئیمپریالیزمن بە تایبەتی دەرەبەگەکان کە بە دریژایی میژووی کوردایەتی وە تا ئیمروش بنکەی تی‌پەر بوونی بەرژەوەندی‌یەکانی ئیمپریالیزم بوون بە سەر کوردستانا . وە کوردایەتی لەوەش گەیشتووە کە چەکی خەباتی شورشگیرانەی ئەبیت ئاراستەی سەر دلی ئیمپریالیزمو ئەو نوکەرانەی بکات چونکە هەر ئەوانە کوسپی ریگای رزگاری‌نەتەوایەتیمان بوون . هەر ئیمپریالیزم بوو کە لە دوای مەسەلەی بەش‌بەش‌کردنی کوردستانەوە راوەستاو وە دەرەبەگە بە کری‌گیراوەکانیتی کە لەگەل هەر راپەرینیکی کوردایەتی‌دا چەکیان بەرامبەری هەل‌گرتووەو هەل‌ئەگرن وە بورژوازی‌یە گەورەکانیشەکە بە شیوەیەکی ناراستەو خو لە ری‌خوبەستنەوەیان بە بورژوازی میلەتانی دەسەلات‌دارەوە بەرژەوەندیەکانی ئیمپریالیزم ئەپاریزنو بەربەرەکانی کوردایەتی‌و ئەزووە ( تیان ) پیشکەوتووە شورشگیرانەکەی ئەکەن وەك ئیستا بە چاوی خومان ئەبینین کە ئەم رەتلەی پیك‌هاتووە لە دەرەبەگەکانو بورژوازی‌یە گەورەکانو هەموو دەستەو تاقمە کونەپەرستەکانی کورد خویان داشکاندووە بەلای بالی راستی بزوتنەوەکەدا کە لە گەلەکومەکی‌یە عەشائیری‌یە سەیرو عەنتیکەکەدا خوی ئەنوینی .

کوردایەتی هەر بە تاقی‌کردنەوەی خوشی دوستەکانیشی ناسیوە کە گەورەترین‌یان بریتی بووە لە وولاتە سوشیالیستەکانو بزوتنەوەی پرولیتاریای گیتی‌و بزوتنەوەی شورشگیرانەی گەلانی ئاسیاو ئەفریقیاو ئەمەریکای لاتین ـ هەر چەندە سەبارەت بە کالو کرچی ئاستی تیوری ـ کومونیستەکانی کوردستانەوە لە مەسەلەی شی کردنەوەیەکی چینایەتی کومەلی کوردستانو دیاری کردنی دوستو دوژمنی بەرەی سوشیالیزم لە گیتی‌دا ـ ئەلین هەر چەندە ئەم کەم زانایی‌و نەفامی‌یە گەلیك جار کاری کردوتە سەر هەندیك لە وولاتە سوشیالیستەکان وە یا سەر هەندیك لە بزوتنەوە پرولیتاری‌یەکانوحزبە مارکسی‌یە ـ لینینی‌یەکانی گیتی کە بەرامبەر کوردایەتی رایەکی خراپ وەرگرن وە یا هەلویستیکی نا دوستانەیان هەبیت بەرامبەر پیشرەوە شورشگیرەکەی کوردایەتی . هەر وەك کوردایەتی سەبارەت بە تاقی کردنەوەی خوی وە بە چاوی خوی روانی کە گەلانی زوردلی‌کراوی گیتی پشتیوانیتی وە باشتر لەم هەلویستەی بو دەرکەوت لە هەلویستی باشی ئەو حزبو تاقمو کومەلانەی نوینەرایەتی چینە رەنجدەرو چەوساوەکانی میلەتە دراوسی‌کانمانو وولاتانی کەی گیتی ئەکرد .

ئەم هەموو ئەنجامانەی کە کوردایەتی پاش خەباتیکی دوورو دریژ وەك راستی‌یەکی میژوویی بە دەستی هینا بە تەواوی وە بە پی‌ی تیوری سوشیالیزمی زانستی لە جی‌ی خویایەتی وە ئەوانە هەمووی بە کاکلە کراوی لە شیوەی تیوری‌دا تیوری سوسیالیزمی زانستی ئەیداتە دەستمان ... بی گومان هەروا بە ووشکی‌و لە خویەوە نا چونکە تیوری سوسیالیزمی زانستی خوشی بەری رەنجی سەدان سالو پوختەی خەباتی مروڤە لە پیناوی نەهیشتنی هەموو جورە چەوساندنەوەیەکا کە لە شیوەی کردەوەو تاقی کردنەوە بووەتە تیوری‌یەکی زانستی کە لە بەر تیشکی دا هەموو میللەتیك چوون یەك ئەتوانیت بە پی‌ی باری تایبەتی‌و قوناغی پیشکەوتنی کومەلایەتی خوی سوودی لی وەرگری . وە لیرەدا پی‌ویستە ئەو راستی‌یەش بخەینە بەر چاو کە ئەگەر ئەم تیوری‌یە وەیا ئەم بیرە پیشکەوتووە

شورشگیره زوو بگەیشتایە کومەلی کوردستان‌و بەکار بهینرایە ئەوەندە ماوەیەکی زورو زەبەندەمان نەئەبری تا بگەینە ئەو راستی‌یانە سەبارەت بەوەی کە بە زوویی لە سایەی ئەم تیوری‌یەوە لە گەلی کاری سیاسی‌و ئابوری‌و کومەلایەتی شارەزا ئەبووین وە دوست‌و دوژمن‌مان بە باشی ئەناسی‌و کاتیکی زورمان بە فیرو نەئەرویشت .

٢ ـ هەر چەندە باوەر بە خوکردن‌و پشت‌بەستن بە کومەلانی خەلکی چەوساوەی کوردستان وە سازدان‌و ئاراستەکردنیان بو خەبات کردن مەرجی‌یەکەمی رزگاری‌یە بەلام یەکیکی تر لەو دەرسە میژوویی‌یانەی کە کوردایەتی وەری گرت‌و ئیمرو بە مەرجیکی گرنگی سەرکەوتن‌و رزگاری ئەژمیرریت ، مەسەلەی یەکیتی خەبات بوو لە گەل گەلانی دراوسی وە پیویستی پشتگیرکردنی گەلانی دراوسی‌و پشتیوانی کردنی هەموو گەلانە بو خەباتی گەلی کوردمان چونکە کوردایەتی هەر زوو ئەوەی بو دەرکەوت کە ناتوانیت بە تەنیا لە ناو ئەو هەموو دوژمن‌و رژیمە ستەمکارانەدا بژی وە لەو شورشانەدا کە لە میژووی‌دا بەرپا بووە ئەو راستی‌یەی باشتر بو دەرکەوت بەوەی کە هەتا پتر گەلانی گیتی پشتگیری‌یان کردبی پتر مەسەلەکەی ئاشکراترو فراوانتر بلاو بووەتەوەو سەرکەوتنی باشتری بە دەست هیناوە ، بویە ئیمرو ئەو هەموو بەنگ‌و باوەی تاك رەوی نەتەوایەتی ئەی‌هینیتە پیشەوە لە بارەی بە تەنیا مل‌نان لە خەباتدا ، وە یا بەربەرەکانی کردنی بزوتنەوەی گەلانی‌کەو دوژمنایەتی کردن لە گەل میللەتانی دەسەلاتدارا لە دنیای واقیعی بزوتنەوەکەمانا شوینی نابیتەوە ... وە رولەکانی کورد لەم سەردەمەدا کاتی کە لاپەرەکانی میژوویی باوو باپیرانیان هەل‌ئەدەنەوەو هویەکانی سەرنەکەوتنی کوردایەتی‌و شورشەکانی کوردایەتی تەماشا ئەکەن‌و بە قوولی لی‌ی تی ئەگەن ئەزانن کە یەکیك لەو هویانە بی‌بەش بوون‌مان بووە لەهاریکاری‌و پشتیوانی کردنی‌گەلان وە بە تایبەتی گەلانی دراوسی .. وە لەمەوە کوردایەتی گەیشتوتە ئەو قایل بوونەی کە یەکیتی خەبات لەگەل گەلانی دراوسی‌و گەلانی‌شورشگیری گیتی‌دا کاریکی پیویستە هەر وەك راکیشانی لایەنگیری‌و یارمەتی‌و پشتیوانی ئەو گەلانە مەرجیکی گرنگی سەرکەوتنی کوردایەتی‌یە . ئەم راستی‌یەش وەك راستی یەکەم تیوری سوسیالیزمی زانستی ئەی‌داتە دەستمان وە لە رووی ئەو شی‌کردنەوە چینایەتی‌یەی کە سوسیالیزم ئەی‌کات بو خەباتی هەموو گەلان‌و مەسەلەی ئازاردانی نەتەوایەتی‌و ری‌و شوینی رزگار بوونی گیتی دوا ئەنجامی لەم بارەیەوە دیتە سەر پیویستی یەکگرتنی خەباتی بزوتنەوەی پرولیتاری‌یای گیتی‌و بزوتنەوەی شورشگیرانەی گەلانی ژیر دەستە دژی سەرمایەداری سەرچاوەی چەوساندنەوەی چینایەتی کە ئەم چەوساندنەوەیەش بنجی ماددی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی‌یە . ئەم بیرە پیشکەوتووانەیە تا پتر بلاو بکەینەوەو پەرەی پی بدەین پتر دوستمان بو پەیدا ئەکات‌و دوورمان ئەخاتەوە لە ریبازی تاك رەوی نەتەوایەتی‌و دووربوون لە خەباتی هەموو گەلان کە ریبازیکی هەلەو تاریکەو بەرەو چالی نەمان بزوتنەوەکەمان ئەبات ..

٣ ـ راستی‌یەکی تری میژوویی کە لە ئەنجامی شکانی هەموو راپەرین‌و خەبات‌و فیداکاری‌یەکانی کومەلانی خەلکی کوردستان کوردایەتی بە دەستی هیناوە ئەوەیە کە پیویستە ریکخستن هەبیت لە ریزەکانی کوردایەتی‌دا وە پارتی‌یەکی شورشگیر پیشرەوایەتی کوردایەتی بکات‌و رابەری چینە چەوساوەکانی گەلەکەمان بیت لە مەیدانی خەباتی رزگاری نەتەوایەتی‌و چینایەتی‌یان‌دا .. ئەم راستی‌یە لە کاتی جەنگی دووەمی گیتی‌یەوە بە تەواوی خەملی وە هەموو خەباتکەرانی کوردایەتی لە ئەنجامی ئەو هەموو نووچ‌دانانەی کوردایەتی وە بە کار تی کردنی تیوری سوسیالیزمی زانستی خویان ریك خست‌و پارتی پیشرەوی خەلکی کوردستان ـ پارتی دیموکراتی کوردستان ـ هاتە ژیانەوە .

بەواتە یەکیك لە هەرە چاکە گرنگەکانی تیوری سوسیالیزمی زانستی بە سەر کوردەوە دروست بوونی پارتی پیشرەو بوو کە رابەری کوردایەتی بکات .

ئەم راستی‌یەش وە راستی‌یەکانی تر تیوری سوسیالیزمی زانستی دانی پیا ناوە کە بە بی ریکخستن سەرکەوتن هەرگیز نابیت وە بەبی پارتی‌یەکی پیشرەو چینە چەوسینراوەکانی هیچ میللەتیك

رزگاری نابیت وە بەبێ ئەم جورە پارتی‌یە سازدان‌و کوکردنەوەو بەگەرخستنی هەموو ووزەو توانای گەلیك رووناداتو نابیت . وە پیویستە هەموو بزوتنەوەیەك پرولیتاری بێ بنا نیشتمانی پیشرەویکی ریك‌و پیکی شورشگیرانەی هەبیت کە خاوەن ریکخستنیکی شورشگیرانەی پتەوو ئیرادەیەکی یەکگرتووی پولایین بیت .

وە بەم پێیە لە دروست بوونی پارتی پیشرەوی کوردایەتیشەوە خەباتی شورشگیرانەی کوردایەتی بەرگی (عفوی یەت)ی فری داو بەرگی تیوری یەکی شورشگیرانەی کردە بەر کە خەباتکەرانی کوردایەتی وەك کویر نەرون‌و ریگای خەباتیان وەك روژی رووناك ئاشکرا بیت‌و ئەو بەری رزگاری بە چاوانیان بەدی بکەن .... بە کورتی لەمەی سەرەوەدا کە باسمان کرد روون ئەبیتەوە کە دوا کەوتنی کوردایەتی لە وەرگرتنی بیری پیشکەوتووانەی نوی – کە بێ گومان باری تایبەتی کوردستان‌و قوناغی کومەلایەتی‌و وەزعی سیاسی کاری لە سەر ئەم دواکەوتنە هەبوو – بووەتە هوی لەکیس چوون‌و بە فیرو دانی رەنج‌و خەباتیکی زورمان کە ئەگەر تیوری یەکی زانستی‌مان وەرگرتایەو لە تیشکی راستی یەکانی سوودمان وەربگرتایە ئەو ماوەیەمان بو ئەگەرایەوەو ئیمرو گەلی کوردو بزوتنەوەکەی لە باریکی زور زور جیاوازدا ئەبوون لەوەی کە ئیستا تیایایەتی .

دیسان لیرەدا پیویستە ئەوەش بزانین کە دروستبوونی پیشرەوەکەی کوردایەتی بە تەئسیری تیوری سوسیالیزمی زانستی‌و خەباتی مارکسی یەکانی کورد هەموو شتیکی بە نیسبەت کوردایەتی یەوە حەل نەکرد سەبارەت بەوەی کە گەلیك جار لە مەیدانی ( تطبیق ) دا زور لەو تیوری یە دوورکەوتبووەوە لە شی کردنەوەو لی کولینەوەی باری سیاسی‌و کومەلایەتی‌و ئابوری دا وە لە شی کردنەوەی چینایەتی کومەلدا کەم‌و زور کەم‌و کورتی تیا بووە ئەمە لە لایەك وە لە لایەکی کەوە بنچینەیەکی چینایەتی دیاری نەکرابوو چ بو دانانی سەرکردەکانی پارتی پیشرەوی کوردایەتی وە چ لە وەرگرتنی ئەوانەدا کە دەیان ویست بینە ریزەکانی پارتی یەوە ... بویە گەلیك جار لەم مەیدانەدا بە هەلە ئەچوو باشترین نمونەیەکیش بو ئەمە چونی یەتی پیك هاتنی سەرکردایەتی یەکەی سەرەتای ژیانی پارتی بوو کە لە سەروو هەموویەوە سەرەك عەشیرەتیك بوو بووە سەروکی ئەو پیشرەوە کە ئەمە لە خویدا پیچەوانەی ئەم بیرە پیشکەوتووانەوە بوو وە لیك ئەدانەوەیەکی چینایەتی بوو بو مەنشەئی چینایەتی ئەو سەرەك عەشیرەتە کە هەموومان بە چاوی خومان دیمان لە ئەنجامدا چ زیانیکی بەخشی بە کوردایەتی کە تا ئیستاش کوسپیکی گەورەی ریبازە پیشکەوتووە شورشگیرانەکەی کوردایەتی یە . وە ئەگەر بە ووردی سەرنج بدەینە ئەو گیروگرفتو هەلەو هەلنووتانەی کوردایەتی لە ماوەی جەنگی گیتی دووەمەوە تا ئیستا باشتر ئەوەمان بو دەرئەکەویت کە هەر یەکیك لەوانە سەرەنجامی هەلەیەکی مەبدەئی بووە کە کراوە وە بەلاوە خستنی جوری بیرکردنەوەو لیك دانەوەی سوسیالیستانە بووە بویە پیویستە مەشخەلی تیوری سوسیالیزمی زانستی کە لە پیشوودا بە کزی سووتاوە خوشی بکەین بو ئەوەی ریگای تاریك‌و نوتەکی خەباتمان بو روشن بکاتەوە ، بو ئەوەی هەمیشە بە ریبازیکی راستەقینەدا بروین‌و جاریکی کە لە هەلەو لادان‌و هەلنووتن بە دووربین . وە ناوەروکی پیشکەوتووانەی بزوتنەوەکەمان بپاریزین‌و بەرەو روویەکی گەشەدار ترو پیشکەوتووانەترو شورشگیرانە تر بەرین .

ئەوەی ئیمرو پیویستی سەرشانی خەباتکەرانی کوردایەتی یە ئەوەیە کە لە ریزەکانی پیشرەوەکەیاندا لە بەر تیشکی تیوری سوسیالیزمی زانستی دا درێژە بە خەباتیان بدەن وە هەول‌و کوششیان تەرخان بکەن بو تی گەیشتن‌و بلاو کردنەوەی ئەم تیوری یە ... هەروەها پیویستە دەرس لە رابووردوو وەرگرن‌و کویرانە نەکەونە ریگا چونکە هەر وەکوو ماموستای مەزن لینین ئەلیت ( هیچ بزوتنەوەیەکی شورشگیرانە بەبێ تیوری یەکی شورشگیرانە نابیت )

بەم پێیە کوردایەتیش وەك بزوتنەوەی رزگاری نەتەوایەتی گەلی کوردستان بێ تیوری یەکی شورشگیرانە نابیت‌و هیچ ئەنجامیك بە دەست ناهینیت‌و ناتوانیت لە

# شەهیدانی ڕێگای ... ڕزگاری



شەهید مولود قەرەدەرەیی

* لە بنەماڵەیەکی فەلاح لە دێی ( قەرەدەرە ) لە دایك بووە .
* هەر لە منداڵیەوە پیشەی کشتوکاڵ بووە
* لێهاتوو بەجەربەزە بوە ، لە گەل ئەوەشدا زور هیمن بووە
* کە لەشکری شورشگیری کوردستان پیك هات راستەو خو هاتە ناو لەشکرەوەو بو بە پیشمەرگە
* لە سەردەمی پیشمەرگەیەتیا گەلیك ئازایەتی نواندوە
* نەترس و هەمیشە ئامادە بووە
* لە روژی ١٩٦٦/٤/٢٤ لە گوندی ( الاالله ) لە ناوچەی کویسنجەق لە پیناوی بەرگری کردن لە کوردایەتی پیشکەوتووو ناوەروکە شورشگیرانەکەی شەهید کراو گیانی پاکی گەیشتە کاروانی شەهیدە نەمرەکانی تری کوردستان
* با هەزار سلاو لە گیانی پرد لە قارەمانیەتیت بی و دلنیابە کە تەنها بە لەش مردوویت ئەگینا بیرو باوەرو هیوای نەمرت نەمردووەو مردنی بو نیەو برا پیشمەرگەکانت لی لا نادەن و هەر ئەی هینەنە دی.

---

شەوە زەنگی خەباتا هەنگاو هەڵنیت . ئینجا لە بەر ئەوەی کە تیوری سوسیالیزمی زانستی تاکە تیوری‌یەکە کە شورشگیرانەو پیشکەوتووو نەمرو عیلمی بیت پیویستە کە کوردایەتی وەری بگریت و وەك مەشخەلی خەبات بیگریت بە دەستەوە وە هیچ چاریك لەوە زیاتر نەماوە ئەگەر کوردایەتی بیەویت سەرکەوتنی دەستگیر بیت و ئامانجەکانی بیتە دی جگە لە خوبەستنەوە نەبیت بەم تیوری‌یە کە دەستەبەری خەباتیکی شورشگیرانەی بەردەم رووناکە کە کوردایەتی لە هەموو کەم و کووری‌یەکانی پیشووی ئەباریزی و بە تەواوی ئامانجەکانی دەست ئەخات لە نەهیشتنی چەوساندنەوەی چینایەتی و نەتەوایەتی بە سەر چینە رەنجدەرو چەوساوەکانی کوردستانەوە ...

پارتی کومونیستمان‌و لەشکری هەشتەم‌و لەشکری چوارەمی نوی کە پارتی سەرکردایەتی‌یان ئەکات کە تیبەکانی (کتائب) شورشن . ئەم کەتیبانەمان خویان لە پیناوی رزگار کردنی گەل تەرخان کردووەو بە تەواوی لە پیناوی بەرژەوەندی‌ی دا ئیش ئەکەن . بە تایبەتی هەڤال ( تشانگ سی‌دە ) یەکیک بوو لە هەڤالانی ئەم کەتیبانە . هەموو



وەرگێڕانی : بەریقانی

# باخزمەتی گەل بکەین

ماو تسی تونگ

( ٨ – ئەیلوول – ١٩٤٤ )

مروڤیک هەر ئەبیت بمریت ، بەلام مردن تا مردن جودایەتی‌یەکەی جیاوازی هەیە .

ئەدیبیکی کونی چین کە ناوی ( سی ماتشیان ) ە ووتویەتی : « هەموو مروڤیک ئەمریت ، بەلام وا ئەبیت مردنەکەی قورس تر بیت لە چیای (تایشان) وە ئەشی بیت کە لە پەڕ سووک تر بیت . » ئەگەر مروڤ لە پیناوی بەرژەوەندی گەلدا مرد ئەوا مردنەکەی قورس‌تر ئەبیت لە چیای‌تایشان ، بەلام ئەگەر لە ری‌ی خزمەت کردنی فاشستەکان دا وەیا لە پیناوی بەرژەوەندی خوینمژان‌و چەوسینەرەوانی گەلدا مرد ئەوا مردنەکەی لە پەڕ سووک ترە . هەڤال (تشانگ سی‌دە) لە پیناوی بەرژەوەندی گەلدا مرد بویە مردنەکەی قورس تر کەوت لە چیای ( تایشان ) .

ئەگەر هەر کەم‌و کووری‌یەکمان هەبیت لەوە ناترسین کە ووریامان بکەنەوەو بەو هویەوە رەخنەمان لی بگرن ، چونکە ئیمە خزمەتی گەل ئەکەین . لەبەر ئەوە هەموو مروڤیک ـ هەر کەسیک هەیە ـ ئەتوانیت بەئاگامان بینیت لە کەم‌و کووری‌یەکانمان . ئەگەر خاوەن رەخنە پیکای لە رەخنەکەیا ئەوا کەم‌و کووری‌یەکانمان راست ئەکەینەوە ، وە ئەگەر پیشنیازیکی کرد کە سوودی گەلی تیا بی کاری پی ئەکەین . پیشنیازی «هیزیکی کەم‌ترو پوختەتر وە بەریوەچوونیکی سادەتر» پیشنیازی کاک (لی دینگ مینگ) بوو کە ئەندامی پارتی نی‌یە ، لەبەر ئەوەی پیشنیازەکەی باش بوو و گەل سوودی لی ئەبینی پەسەندمان کردو کاری پی‌ئەکەین . جا لەبەر ئەوەی بە تەنگ شتی راستەوەین‌و ئەوەی هەلە بیت لە پیناوی بەرژەوەندی گەلدا راستی ئەکەینەوە ، کەتیبەکانمان هەر ئەبیت پەرە بسینی‌و گەشە بکات .

هەمووما‌ن لە هەموو لایەکی وولاتەوە هاتووین‌و لە پیناوی ئامانجیکی شورشگیرانەدا یەکمان گرتووە . وە بەم پی‌یە لە گەل زوربەی زوری گەلدا بەو ریگایەدا ئەروین کە ئەمان گەیەنیتە ئەم ئامانجە .

ئیمرو ئیمە سەرکردایەتی چەند ناوچەیەکی بنکەکان ( مناطق قواعد ) ئەکەین کە نەوەدو یەک ملیون کەسی تیا ئەژی . بەلام هیشتا ئەمە بەس نی‌یە بەلکو پیویستە فراوانی بکەین تا بتوانین هەموو میللەت رزگار بکەین .

پیویستە هەڤالانمان لە کاتی ناخوشی‌دا دەسکەوتەکانیان لە بیرنەچیتەوە ، پیویستە دوا روژی رووناکمان ببینین وە زات‌و ئازایەتی خومان پتر بکەین .

گەلی چین ئیستا بە دەست کویرەوەری‌یەوە ئەنالینی بویە پیویستە لە سەرمان کە رزگاری بکەین لی‌ی وە بە بڕواو تینیکی تەواوەوە وە خەبات بکەین وە پیویستە قوربانی بدەین لەم خەباتەدا .

مردن لەم بارەدا کاریکە کە بە زوری روو ئەدات بەلام ئەگەر بەرژەوەندی گەلمان خستە پیش چاوی خومان وە بیرمان لەو ئازارو ئەشکەنجەیە کردەوە کە زوربەی زوری گەل ئەی‌کیشی وە لەو پیناوەدا مردین ، ئەوا مردنەکەمان مردنیکی سەروەری‌یانەیە . بەلام پیویستە خومان لە قوربانی دانی

**پاشماوەی بە ئاشتی ....**

سوشیالستەکان بەس بەلکو ئەلێن کە گوایا :

« (٣) مەبدەئی بە ئاشتی پێکەوە ژیان ڕێبازی گشتی سیاسەتی دەرەوەی حزبی شیوعی سوڤیاتیو هەمو حزبە مارکسیە لینینیەکانی تریش » دیار ئەکات

وە لە جیاتی بە خەباتی شورشگێرانە ئاشتی پاراستن ، خروشوفیەکان وای بڵاو ئەکەنەوە کە بە هاوکاری سوفیەتو ئەمریکا ئەشی ئاشتی بچەسپێندرێتو هاوکاریەکی راستەقینەی نیوان دەولەتەکان پێك بێت . »

بویە خروشوفیەکان کوششیکی زوریان کرد بو پێکهێنانی هاوکاری ئەمریکاو روسیاو مەسەلەی بە ئاشتی پێکەوە ژیانیان وا هێنایە کایەوە کە بە پێچەوانەی خەباتی شورشگێرانەی رەنجدەرانی دنیاو گەلانی زورلێکراوی جیهان بێت .

بە کورتی سیاسەتی بە ئاشتی پێکەوە ژیانی لینینی راستەو ئەو بە پێچەوانەی سیاسەتی خروشوفیەکانە بە تایبەتی لەم شتانەی خوارەوە :

**یەکەم لینین بو پاراستنی ئاشتیو بە ئاشتی پێکەوە ژیان بە پێویستی ئەزانێت کە خەباتێکی شورشگێرانە دژی ئیمپریالزمو کونە پەرستە بورژوازیەکان بکرێت لە لایەن کرێکارانی جیهانو گەلانی شورشگێرو دەولەتە سوشیالستەکان . کەچی خروشوفیەکان وا ئەزانن کە بە هاوکاریو دوستایەتی لە گەل ئیمپریالزم ئەمە پێكدێت .**

**دووەم لینین « هاوکاری لە گەل شورشگێرانی ولاتانی پێشکەوتوو وە هەمو گەلانی زورلێکراو « دژی هەریەك لە ئیمپریالستەکان وە دژی هەمویان .... بە سیاسەتی دەرەوەی پرولیتاریادا ئەنێت» (٤) کەچی خروشوفیەکان سیاسەتی بە ئاشتی پێکەوە ژیان بە ڕێبازی گشتی سیاسەتی دەرەوەی دەولەتە سوشیالستەکان دا ئەنێن .**

**سێیەم لینین خەباتی شورشگێرانە دژی ئیمپریالزم بە واجبی پیروزی سەرشانی هەمو حزبە شیوعیەکانو گەلانی شورشگێر ئەزانێت وە دەولەتی سوڤیاتی بە بنکەی شورشی گەلان ئەزانێت . وە هاوکاری دەولەتی سوڤیاتی لە گەل پرولیتاریای جیهانیو گەلانی زورلێکراوی دنیا بە سیاسەتی دەرەوەی پرولیتاریای روسیا دا ئەنێت کەچی خروشوفیەکان سیاسەتی بە ئاشتی پێکەوە ژیان بە سیاسەتی حزبە شیوعیەکانو کرێکارانی جیهانو گەلانی زورلێکراوی دنیا ئەزانن .**

**بەم جورە ئەبینین کە خروشوفیەکان لە مەسەلەی بە ئاشتی پێکەوە ژیانیشا دژی لینینزم ئەوەستن وە پەیرەوی ڕێبازێکی تەحریفی ناحەز بە گەلانو دەولەتە سوشیالستەکان ئەکەن .**

**بە ئاشتی پێکەوە ژیان لە نیوان دەولەتاندا ئەبێت نەوەك لە نیوان حزبە شورشگێرەکانو دەولەتەکاندا چونکە ئەمە مانای واز لە خەبات کردن هێنانە .**

(٣) بوتوماریون « بعض مشاكل الحركة الثورية » مجلة قضايا السلم والاشتراكية العدد ( ١٢ ) عام ١٩٦٢

(٤) سیاسەتی دەرەوەی شورشی روسیا



خورایی دوور بخەینەوە .

پێویستە لە سەر کادرەکانمان کە بە تەنگ هەموو سەربزێکەوە بێن . وە لە سەر هەموو یەکێکە کە لە ریزەکانی شورش دایە بایەخ بە یەکتری بدەن ، یەکتریان خوش بوێتو هاریکاری یەکتری بکەن .

لە ئێمرووە هەر یەکێك لە ریزەکانمانا کوچی دوایی کرد ، ئەو کەسە چێشت لێنەر بێت یا جەنگاوەر ، پێویستە کە تەرمەکەی بەری بکەینو ئاهەنگی یادکردنەوەی بو بکەین . مادام لە ژیانی خویدا چەند ئیشێکی بەکەلکی بەجێ هێنابێ . پێویستە ئەمە ببێتە پیرەومانو گەلیش لەمە تێ بگەیەنین ، کە کاتێ یەکێك لە دانیشتوانی گوندەکان کوچی دوایی ئەکات ئاهەنگی یادکردنەوەی بو ئەکرێت . وە بەم پێیە ماتەمینی خومان دەرئەبرینو هەموو گەل یەك ئەخەین .

# گفتوگو

**پرسیاری یەکەم :**

بە بیروڕای ئێوە بۆچی تا ئێستە ئەدەبی کوردی لە داستاندا هەژارە ، وە داستانەکانی کوردیی لە ژمارەی پەنجەکانی دەست تێپەڕ ناکات ، لە کاتێکا کە سەرجەم ژیانی پڕ کوێرەوەری کورد ، خەبات و خۆ بەخت کردنی بۆ ئەوە ئەشێ بکرێتە کەرەستەی داستانێکی نایاب ؟

نەتەوەی کورد ، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نەتەوەیەکی پێشێل کراوو زۆر لێ کراوی داگیر کراوە . لە دووای جەنگی جیهانی یەکەم و دابەش کردنی زەوی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی پارچە پارچە کرا ....

دوای ئەوەش ، لەم ناوچەیەدا ، هەر لە سەرەتای بزووتنەوەی هەستی نەتەوایەتی و جووڵانەوەی نیشتمانیی هاوبەشی خەبات و کۆشش نەبڕساوو بێ برانەوە بووە لە گەڵ نەتەوە براکانی کە لە گەڵیاندا ژیاوە .. گومانی تیا نییە کە لە هەر شوێنێکی ئەم وڵاتانە ترووسکەیەکی ئاگری تێ کۆشانی ئازاد پەروەریی دەرکەوتبێ پشکۆی کانی ئاگرینی چیا بەرزە سەرکەشەکانی کوردستانی ڕەنگینی لە ژێردا بووە .

بیرو باوەڕی وێژەی کوردیش بە شێوەیەکی گشتیی لە گەڵ ئەم هەست و جووڵانەوەو بزاوتنەدا ڕۆیشتوە ، بەڵام جاری واش بووە کە لە دوای جوڵانەوەوە بووە ... چونکە هەندێ جار بیری ڕامیاری ڕاستەو خۆ بە باوەڕێکی شۆڕشگێڕانەوە بە سەر وێژەیەکی کلاسیکی یا ڕۆمانتیکیدا زاڵ بووە .

کەرەتی واش هەبووە بە چوارینە هەڵبەستێك ، داستانی خەباتێکی پشوو بڕیی دەرخستووە ، بەڵام ئێمە هەمرو لەو باوەڕەداین کە وێژەی کوردی ، لە چاو ڕادەی بەرزبوونەوەو پێشکەوتنی وێژەی جیهانیدا زۆر لە دوایە کە ئەمە گەلێ هۆی هەیە ، من لێرەدا هەندێکی لێ ئەدوێم ...

١ – دابەش بوونی توانای خوێندەواری کورد بە هۆی نەبوونی هیچ پەیوەندییەك لە نێوانیان داو پەرت و بڵاوییان بە هۆی باری ڕامیاری وڵاتەکەیانەوە ....

٢ – نەبوونی خوێندەوارییەکی قووڵی کۆی یەکگرتووی کوردیی کە ڕێرەوێکی تایبەتی خۆماڵی سەپاندبێ بە سەر نووسەرو خوێنەرا .

٣ – درەنگ گەیشتنی هەموو ئەنجامەکانی شۆڕشی پیشەسازی بۆ وڵاتی ئێمە ، بە هۆی ئەمەشەوە

## ژیانی نووسەر

ساڵی ٩٣٢ لە سلێمانی لە دایك بووە ، ٩٥٤ – ٩٥٥ لە قوتابخانەی مامۆستایان دەرچووە ، لە سلێمانی و ناصریەو عەمارە مامۆستایەتی کردووە ، وانەی کوردی لە قوتابخانەی مامۆستایانی کوڕان و کچانی عەمارە وتووتەوە ، لە گەڵی کۆنگرەی زانیاری و پیشەیی و خوێندەواری و وێژەییدا بەشدار بووە ، لە کۆنگرەی یەکەم و دووەم و سێهەمی نەقابەی مامۆستایاندا بەشدار بووە ، ئەندامی یەکەم دەستەی ئامادەیی نەقابەی مامۆستایان بووە لە سلێمانی ، سکرتێری و بەڕێوەبەری نەقابەی مامۆستایانی دیوە لە سلێمانی ، یەکێك بوو لەوانەی کە ئیشی کردبۆ پێك هێنانی کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە ، ڕێك خەری لیژنەی زمان و ئەندامی لیژنەی چاو دێری کردنی کۆنگرە بووە ، یەکێك بوو لە مامۆستاکانی دەورەی زمانی کوردی بۆ مامۆستایان لە سلێمانی ساڵی ١٩٦٠ ، دەورەی زمانی ئینگلیزی زانستگای بەغدای دیوە بۆ ماوەی ( ٤٥ ) ڕۆژ پاشەی پیا هێناوە ، یەکەمی دەورەی بەڕێوەبەری قوتابخانەکان بوو لە سلێمانی ، ئەندامی لیژنەی پیاچوونەوەی پەڕاوە کوردییەکان وو لە سلێمانی ، لە ساڵی ٩٥٥ەوە دەستی کردووە بە نووسین لە ژێر گەلێك ناودا ، لە قوتابیتی و مامۆستایەتیدا گەلێك جار گیراوەو دوور خراوەتەوەو لە ئیش بچڕاوە . **بەرهەمی وێژەیی :**

١ – کاروانێ – چیرۆکێکی درێژ – ٩٥٧

## پرسیاری رزگاری و وەلامی مامۆستا محمد صالح سعید

درەنگ دەرکەوتنی بلیسەی روون بوونەوەی تی کۆشانی چینایەتی ، کە بوو بە هۆی نەجوولاندن و سربوونیکی کاتی ی بۆ خوێندەواری ی ئیمە کە بەرگیکی کوردی پۆشیبی ...

٤ – تیکەل بوون و یەککەوتنی خەباتی کورد بە میللەتانی هاوبەش ، وە بە دوادا رۆیشتن بە دوای شارستانیتی ئیمپراتۆری یەتەکانی فارس و عوسمانی و فەرمانرەواکانی تر .... کە بوو بە هۆی پەرت بوون و توانەوەی زادەی بیرو تواناکانی هەلکەوتووانمان ، وە بوونیان بە دواکەوتەی ری رەوی گشتی ی ئەوان ....

جگە لەوە گرنگی ی دانیان تا ماوەیەکی لەمە دواش هەر بە باری خوێندەواری ی ئایینی و بەرەللا کردنی لایەنەکانی تر ...

خۆ ئەوەی لە گەل ئەم لیشاوەشدا نەرۆیشتبی ، هەر لە

## لە چەند دێڕێکدا

٢ – شمشالی شوان چیرۆکیکی درێژە – ١٩٦٧

٣ – نووسین و گۆرینی خوێندنەوەی کوردی – ١٩٦١ بە بەشداری دوو مامۆستای تر – بۆ پۆلی چوارەم –

٤ – سەرنجیک لە دەروازەی فۆلکلۆری کوردەوە – لە گەل لیژنەیەک لە مامۆستایانی سلیمانی

٥ – زاراوەی زانستی – بەشداربوونی لە گەل گەلیک لیژنەدا بۆ ئەم پەراوە –

٦ – سکرتیری نووسینی گۆڤاری بلیسە بووە کە ( ١١ ) ژمارەی لی دەرچوو ، گەلیک نووسینیشی تیا بلاو کردوتەوە بە گەلیک ناو ...

٧ – لە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری سالانەی قوتابخانەی مەولانا خالید بوو ( گزنگ و چیا ) وە گەلیک نووسینی تیا بلاو کردوتەوە – ٩٦٧ ، ٩٦٨ –

٨ – گەلیک نووسینی لە رۆژنامەی ژین و هەتاو گۆڤارەکاندا بلاو کردوتەوە

٩ – کۆمەلە هەلبەستیکی بلاو نەکراوەشی هەیە .

١٠ – چیرۆکی ( ئارامی دل ) – چیرۆکیکی درێژە – ئامادەیە بۆ چاپ

١١ – ( شۆرشی دەروون ) – چیرۆکیکی درێژە

١٢ – چەند چیرۆکیکی تری تەواو نەکراوشی بە دەستەوەیە رەنگە بەم زوانە چاو هەلبهینن

شوێنی خۆیدا خورە لی ی داوە ، چونکە هیچ باریکی کۆمەلایەتی و خوێندەواری ی نەبووە گەشەی تیا بکات لە بەر ئەوە پووکاوەتەوە و ئەگەر بە تەواوی نەش مردبی لە بیر چووتەوە ....

ئەمانە لە باری تایبەتی کوردەوە هاتووە ، چونکە گۆررانی باری ئابووری و کۆمەلایەتی و پیشەسازی و خوێندەواری و پیشخستنیان بە شیوەیەکی ئاراستەکراو قەدەغە ئەکرا بە هۆی چەوسانەوەی نەتەوایەتی کوردو بوونی چەوسانەوەی چینایەتیش بە جۆریکی بە یەکا چوو ....

لە بەر ئەوانە پیشکەوتەیی و پەرە پی دان و گەشەکردن و بلاو بوونەوەی فرەی بەرهەمی وێژەیی گەلیک دواکەوت .... ، جگەلەوەی کە بی بەشیش بوو لە یارمەتی و هاندان و پشت گرتن ، ئەو چاپەمەنی و بازارەش کە ئەگەر ببوایە لی ی قەدەغە ئەکرا ...

بەرهەم هینانی داستانیش گرانترە لە بەشەکانی تری وێژەوە لە دوای ئەوانەوە دیت ، چونکە (دەروونی قول ، بیری پر ، رووداوی گرنگ ، ئاسۆی فراوان ، سەرچاوەی باوەرو ژیانی بزاوی بنەرەتی ی ئەوی ... ) لە بەر ئەوە کەمتر بەرهەم دیت ..

داستان باشتر نواندنی باری ژیان و تەنگو چەلەمەی کۆمەلی تیا دەرئەخریت ... ، جا هەر لە بەر ئەو هۆیانەی پیشو ( بە خولی دیاری کراو ) کلاسیک و رۆمانتیکی – وەک ( بەش ) کە تاف و شوێنی خۆی هەبی تیا جیا ناکریتەوە ... بەلام

زوربەی داستانە تازەکان چارەی ( ریالیزمی‌ی ) تیکەل ئەبی کە بوونی گەلی زیاتر تیا ئەچەسپی وەك لە ( ئخەیال‌و سوز ) ... ، چاکترین سەلماندنیش بو ئەمە ، ئەوەیە کە هوی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی‌و چینایەتی زیاتر تیا دەر ئەکەوی‌و ( ناوی نەتەوەو ، ووشەی چەوساوە بیروکەی دارشتنیتی ) ، چیروك نووسمان نی‌یە کە لە دژی چینەکانی گەل بنووسی بو قازانجی چین دەستەی چەوسینەر .... ، ئەگەر هەندی پیاهەلدان هەبی ، هەر لە داستانە فولکلوری‌یەکان‌دایە کە لە ئاواتی دەرەبەگەوە هیزی وەرگرتبی یان بە بالای ژیانی خیلەکی‌دا هەلی‌دابیت ئەویش نەکەوتوتە باری ئاراستە کردنەوە .

لایەنیکی گرنگی تری داستانی کوردی‌ئەوەیە کە تا ئیستە رووداوی بەشی زوریان لە گوندو لادیکان‌دایە ... ، یان لکیکی ئەگاتە شار تا رابەستری بە شیوەو بوونی ژیانی پیشەسازی‌یەوە ، ئەویش لە بەر ئەوەی کە سەرمایەداری چەوسینەری زور گەورەو داگیرکەرانە لە لای ئیمە نەبووە ، لە بەر ئەوە جیا کردنەوەیەکی لەیەك دەری بەیەکا کەوتوو پەی‌دا نەبووە بەو جورەی کە لە ولاتە سەرمایەداری‌یە چەوسینەرەکان هەیە ... بویە ئەلیم لەمەوبەر داستانی کوردی کەمتر گەیوەتە رووداوی ناوکرگەو شوینە پیشەسازی‌یەکانەوە ، بەلکو لە نیوانی هەردوولادا بووە ...

بەلام سەرەتای ئەو گوررانەی کە لە باری ژیانی ئابووری‌و کومەلایەتیمان‌دا دەستی پی کردوە ، لە چیروکەکانیشمان‌دا سەری هەلداوەو بە دەرکەوتووەو بو پیشەوە هەنگاو ئەنی ... من خوم داستانیکی ترم هەیە ( ئارامی دل ) کە لەم بەینەدا ئەی‌خەمە ژیر چاپەوە ، هەرچەندە هەندی لکی هاتوتە ناو شارو شوینی کارکردنی کریکارەوە ، بەلام هیشتا هەر بە ژیانی جووتیارانەوە نووساوە ... ئەویش شتیکی ئاسایی‌یە ، چونکە وولاتەکەمان پتر لە هەموو شتی کشتوکالی‌یە ، کەچی چیروکیکی تری دوای ئەوەم (شورشی دەروون) کەمیکی بەلادیوە بەستراوە ، زوری هاتوتە ناو شارەوەو تیکەل بەباری ژیانی نوی‌ی کومەلەکەمان بووە ، بەبی ئەوەی من بیم بە ئارەزوو وای لی بکەم ، دوایی خوم بەمەم زانیوە ... ، لیرەدا ئەوەی گومانی تیا نی‌یە باری گوررانی بەرو دوا منیشی راکیشاوە بو ئەم گورینە ...

بەرهەمی کون‌و تازەی داستانی کوردی دەست پی کردنی باش‌و سەرکەوتووی تیایە ، وە لە بەر ئەوەی کە داستان پیویستی بە زەمەتی دان‌و پشتگیری پتر هەیە لە بەشەکانی تری وژە ، پیویستە زور گرنگی‌ی پی بدری بە گەلی شیوە کە لیرەدا دەرفەتی لی دووان نی‌یە ....

**پرسیاری دووەم :**

بیرو رای گشتی‌تان چی‌یە دەربارەی ئەو کورتە چیروکانەی لەم دوایی‌یەدا بلاو کراونەتەوە ؟

هەر چەندە کورتە چیروك هەندی هەنگاوی باشی ناوە ( لە بەر ئەوەی کە سووك ترەو ئاسوی تەسك ترو کەمتری ئەوی ، وە یەك لایەن بنەرەتی دەرئەخات‌و سەر ئەنجامی نزیکەو زوو دەرئەکەوی‌و روو لە رووداویك هەل‌ئەسالی نەك هەموو رووەکانی ژیان‌و باری کومەلیك لە تافیك‌دا .... ) بەلام لە گەل ئەوانەش‌دا تازەیی‌و نوی بوونەوەی تی‌دایە وە ملی لای ( واقیعی‌یەتی ) گرتووە ، بەلام هەتا ئیستە زوربەیان لە تیکەل کردنی ( خەیال‌و سوزو ریالیزمی‌ی ) نەکەوتوون بەو شیوەیە کە قوتابخانەکانی لە یەك جیا بکریتەوە .... وە هیشتا نەیان توانیوە لە خەباتی چینایەتی‌دا بتوینەوە ، بگرە چیروکەکانی تیا تواوەتەوە ، وون‌و نادیاریش بوون لەم کایەیەدا ...

بە باوەری من کورتە چیروکی کوردی شیوەی بیگانەی زیاتر هەلگرتووە لە داستان ، کە لە گەل کەمی‌یان‌دا پتر نووساون بە ( ژیان‌و باسی رەنجبەرو پالەی کومەلی کوردەواری‌یەوە ) .... ، ئەگەر هوی لاسایی کردنەوەو کار تی‌کردنیش هەبی بو ئەم بەشە ، هوی ئەوەشی تیایە کە خویندەواری باوو چەسپاوی تەواوی کوردی‌ی هیشتا خوی نەسەپاندووە بە سەر خوینەری کوردا ، لە بەر هوی باری رامیاری تا ئیستەی نەتەوەکەمان وە بەربەرەکانی کردنی ئەوەشی کە هەبووبی ... لە گەل

ئەوەدا کە هەنگاوی پتەوی دل خوش‌کەرو نوی نراوە لە کورتە چیروکی بابەت تازەدا ، وە لە پال ئەوەدا کە هەندی کورتە چیروکی نایاب‌و باشمان هەیە ، هی واشیان هەیە کە ناویان نراوە چیروکی کورتی تازە بابەت ، ئەتوانین بلیین کە هەر چیروك نی‌یەو ئەبی بژار بکرین ....

جا لیرەدا دەرفەتی فراوان نی‌یە بو کولینەوەیەکی قوول‌و دوورو دریژ بەم نووسینە ، ناشتوانم باوەریکی کوت‌و پری‌و تال‌و رەوی بدەم بە سەر چیروك‌و چیروك نووسەکان‌دا ، وە با منیش وەکو هەندیك بە هەلەدا نەچم کە ( هەموو بەرهەمی تەواوی یەکیکم نەدیبی‌و نەم خویندبیتەوە ، لە بیرو باوەریشی نەگەیشتبم ، سەرجەمی لایەنەکانیم نەکولیبیتەوە ... ، بەراووردی دەمەو تاف‌و شوین‌و ناوەروك‌و شیوەو بارو رادەو زمان‌و ئەندامەکان‌و پیزی چیروکەکانیم هەل‌نەسەنگاندبی ... ) ، بە چاك‌و خراپ خومیان لی قوت بکەمەوە ، فەرمان دابەش بکەم‌و لە سەریان بنووسم ... من ئەمە بە تاوان دائەنیم ... چونکە ئیمە ئەبی کە لە چیروك نووسەکان ئەنووسین ، ئەوەمان لە بیربی کە چیروك نووسی کوردن‌و لەو هەریمەدا ژیاوون کە کلیلو کلوم درابوو لە دەرگای خویندەواری‌ی نەتەوایەتی‌و نیشتمانیمان ..

بە باوەری من ئەمە ئەبی بو کولینەوەیەکی دیاردی کراوی شینەیی خومالی بیت ... ، نەك تەنها گورینی ووتراوی پەراوە بیگانەکان لە سەر رەخنەی ویژەیی‌و سەپاندنی بە سەر چیروك نووسەکانی کوردستان‌دا ....

چیروکی باش‌و سەرکەوتووش خوی ئەسەپینی‌و میشك‌و دل‌و هەستی کومەل ئەکات بە پی‌خەفی نەرم‌و گەرم‌و خوی تیا والا ئەکاتەوە ...

لە دوایین پلەی کولینەوەکەم‌دا ئەلیم جگە لە لایەنەکانی پیشوو ، نەبوونی دەزگای لە چاپ‌دان‌و بلاو کردنەوەی پەراوو باری دەرامەتی نووسەرەکان‌و نەبوونی خوینەری تەواو بوبەرهەمی کوردی‌و ، نەبوونی لیك‌دانەوەو کولینی روشن‌بیرانەو یەکیتی ریك خراوی ویژەیی‌و هاتو چوو کونگرەو بینینی ناو خوو جیهانی‌و قوتابخانەی تایبەتی ویژەو پەرەوازەیی‌و دوورە پەریزی‌و جیابوویی‌و توندو تیژی‌و گرتن‌و برین‌و گەلی هوی تریش ( کە خویان داستانن ) بوونەتە هوی کەم بەرهەم هینانی ( داستان ) لە پیشا ئەمجا کورتە چیروك .....

بە باوەری خوم هویەکی تریش هەبووە بو کەم بەرهەم هینانیان ، ئەویش ئەوەیە کە نووسەرەکان ، زوربەیان بە کارو باری رامیاری‌یەوە زور تر خەریك بوون وەك لە بەرهەمی ویژەیی ( کە ئەمیش هوی تری هەیە ) ... ، زەبرو زەنگی کارەساتی لە بەر گوورانی باری وولاتیش هوی گرنگی هەبوو بو دوورخستنەوەیان لە بەرهەم هینان لەم سالانی دوایی‌یەدا ...

ویژە گیانی ژیانی کومەلە ، بویە منیش هەتا ووردی بکەمەوە قوول ترو فراوان تر ئەبیتەوە ... ، لە بەر ئەوە دوایی پی ئەهینم‌و ئەلیم پیویستە میری‌و فەرمان‌رەوایی‌و ریك‌خراوو کومەلانی پیشەیی‌و رامیاری پشتی بەرهەمی جوانی ویژەی پیش‌کەوتووی کوردی – بە تایبەتی داستان‌و چیروك – بگرن ، وەهەموو یارمەتی‌و هان دانیکی گەرم‌و گوری لە خووەی بدەن ، تا بالی بە بالی جوولانەوەی راستەو خوی گەل‌و ئاوات‌و ئامانجەکانی نەتەوەو گەلەوەبیت بو زیاتر بەرهەم هینان‌و پیشکەوتن‌و گەشەکردن .

٩٧٠/١/١٥

سلیمانی – محمد صالح سعید

## زانیاری لە بابەت شەهیدانەوە

لە گەل ئەوەدا کە لە بارەی شەهیدانی ریگای رزگاری شتیك ئەزانین‌و کەمیك زانیاری‌مان هەیە بەلام ئەو زانیاری‌یە کورت‌و کەمە بەس نی‌یە بو یاد کردنەوەو لی دووان لەو شەهیدە نەمرانەمان بویە داوا ئەکەین کە هەرکەسی لە شەهیدانمانەوە نزیك بووە ، کەس‌و کار ، خزم ، یا برادەرو ناسیاویان بووە ، هەر یەکە بە پی‌ی رادەی زانیاری خوی لەو شەهیدانە لە بارەیانەوە چی ئەزانی بومان بنووسیت لە گەل وینەکانیانا بومان بنیرن . پیشەکی زور سوپاسیان ئەکەین .

**رزگاری**

وەرگیرانی : شیخانی

# سمیح القاسم

( سمیح القاسم ) و هاوڕێکانی ( محمود درویش ، سالم جبران ، توفیق زیاده ) چوار شاعیری بەناو بانگی عەرەبن لە فەلەستینی داگیر کراودا کە هەمیشە لە ڕیزی پێشەوەی خەباتو تێکۆشانن دژی سەهیونیەت و ئیمپریالیزم . بە هەموو هێزو توانایەکیانەوە بەرهەڵستی ڕەگەز پەرستی ئەکەن . ئەو ڕەگەز پەرستیەی سەهیونیەکان پەیڕەوی ئەکەن بەرانبەر عەرەبە نیشتمان زەوت کراوەکان ، لە بەر ئەوە زۆر ڤینیان لەو جۆرە کەس و کۆمەڵانەیە کە تابینە قاقایان خەتم بوین لەناو زەلکاوی بۆگەنی ڕەگەز پەرستیدا ، چونکە وەك هەموو ئازادیخوازێك بڕوایان وایە کە ئەو نەتەوەیەی نەتەوەیەکی تر بچەوسێنێتەوە خۆشی سەربەست نیە . بۆیە ئەم شاعیرانە لە گەل تێکۆشەرانی تری عەرەبدا میوانی هەمیشەیی بەندیخانەکانی ئیسرائیلن .

## لە ڕۆژ ژمێرەکەیدا ئەنووسێت

١ ــ لە کاتژمێری نۆی ئەم بەیانیەدا توانام نەما کە چیتر بخەوم . گرمەو هاواری ( محمود درویش ) و ( محمد میعاری ) وەختە ماڵەکە تێك بدات . ( محمود ) بە جلی چوونە سەر دەریاوە ــ کە بۆ یەکەم جارە ئەیکاتە بەری ــ بەرانبەر ئاوێنە وەستاوەو گۆرانی ئەڵێ . ( محمد ) یش بە گەرم و گوڕی پارێزەرێکی گەنج سوێند ئەخوات کە گومانی تێدا نیە لەوەی کە ئەمڕو لە دادگادا ئەیباتەوە .

وەك جاران ، درەنگ گەیشتینە بارەگای ( الاتحاد ) هەر ئەوەندە بە سەر پێ پلیکانەکانا سەرکەوتین ، شەرمەزاری لە دەروونمانەوە سەرکەوت و سەری هەڵدا . من چوومە ژوورەکەی خۆم و ( محمود ) یش بۆ ژوورەکەی خۆی . سەر نووسەر هاوڕێ دکتور ( امیل توما ) . چی نەکرد ئەوە نەبێ کە وەلامی ڕۆژ باشیەکەی داینەوە . تەنانەت چاویلکە خۆ بە گران گرەکەشی هاوبەشیی ئەم وەلامەی کرد ، بەلام پێ نووسەکەی لە سەر ئەو ئیشەی بەردەوام بوو کە دوو کات ژمێر لەمەو پێش دەستی پێ کردبوو .

دوای لە ئیش بوونەوە ، ووتو وێژی ئاسایی دەستی پێ کرد . نانی نیوەڕو لە کوێ بخۆین ؟ ( علی ) سوورە لە سەر ئەوەی کە ماڵەوە باشترین جێگەیە بۆ ئەم کارە گرانە . ( محمود ) وەك جاران سوێند ئەخوات کە ئەمە دوایین جارە کە لە چێشتخانە نان ئەخۆین .

محمود ... بۆ سەر دەریا
منیش .... بۆ سینەما

کە شەو داهات گەڕاین بە شوێن ( ام کلثوم ) دا . دوایی کەوتمە بیرکردنەوە لە جیهانی سەر سوڕمێنەری ( هان ئەندرسون ) دا

... ئەم شاعیرە دانیمارکی‌یەی چیروکە نایابەکانی بوونە هوی ئەمری .

هەندی هاوری ، کورو کچ دایان بە سەرمانا ( باس ) و ( سوپرانو ) تیکەل بە یەك بوون .

ئارەزووی هەلبەست دانان ئەمەی پی‌نووسیم .

**..... ئیرە ( میسلون ) ە**
**هەمووتان وەرن سلاو لە خاکی ( میسلون ) بکەین**
**لیرە عەرەب دژی داگیرکەران ئازایەتیان نواند . لیرە ئازاکان شەهید کران .**
**لیرە داگیرکەران سەرکەوتن؛ نیری داگیرکردنمان لە مل چەسپا**
**ئەبوایە عەرەب یا سەردانەوینن ، یا بە سەختی تی‌بکوشن**
**شەوو روژ ئەجەنگاین تا بە ئاوات گەیشتین .**
**واز لە شمشیرناهینین تا هەموو مافی زەوت کراوی عەرەب ئەسینینەوە .**
**ئیرە ( میسلون ) ە**

پاش رویشتنی کومەلەکە بە ماوەیەکی کەم ، پولیس لە سەر بانگ‌کردنیکی ( لیفی ) ـ ژنە دراوسیکەمان ـ هات : دوای لی‌کولینەوەیەکی کورت کە دوو پولیسەکە بەریك‌وپیکی لەگەلیانا کردین رویشتن بی ئەوەی بو دادگا بانگمان کەن . بەلام پیش ئەوەی برون ، دلنیایان کردین لەوەی کە چەپەل‌و ناشیرین نین وەك ژنە دراوسیکەمان تی‌ی‌گەیاندبوون .

بو چەند چرکەیەك چاومان بری‌یە یەك . سەیرکرنیکی وا کە زور واتای ئەگەیاند ...

هەولمان دا کە بخەوین ...

٢ ـ ئەمرو دەستمان کرد بە شالاو بردن بە شوین خانوویەکی تردا ... ( محمد ) بەم زووانە ژن دینی‌و هەر لە گەل ئیمەشدا ، دائەنیشی . پیان ووت کە خەریکە خوی تووشی بەلایەکی گەورە ئەکات . زورمان ئازاردا ، بە گیرانەوەی گەلیك ووتەی سەیر دەربارەی ژن هینان‌و ژن‌هینەرانەوە بەلام بەلایەکی تر خستبوینی‌یە ئەشکەنجەوە ... بەلای خانوویەکی تر .

من‌و ( محمود ) بە شەقامەکانی ( حیفا ) دا گەراین . سەرمان کرد بە گەلیك ( محلی ) دەلالی خانوو بەکری‌دانا . بەکەم بە خوشی‌یەوە بەخیرهاتنیان ئەکردین . بەلام کە ئەیان‌ناسین ... گەراین بە شوین خانوودا بە خویندنەوەی ( بوزانین ) لە ناو روژنامەکان . لە دلی‌خوشمانا ئەمان‌گوت « گەر دنیا بە جوریکی تر بوایە ! »

ناوو نیشانیکم چنگ کەوت . تەلەفونم لەگەل خاوەن خانووەکەدا کردو لەگەلی‌دا ریك کەوتم کە ئیوارە سەری لی بدەم لە سەر کری‌یەکە ریك بکەوین . لە ( بوزانینە ) کەدا کری‌ی مانگانە تەنیا ( ٢٠٠ ) لیرەی ئیسرائیلی‌یە . کە ناوەکەمی بیست کری‌یەکە گەیی‌یە ( ٢٥٠ ) لیرە . ئینجا ئەم کری‌یە چی‌یە لەگەل پاك‌و خاوینی‌دا شوینیکی بەرزە . ـ گەورەم ... پیش ئیستا لە تەویلە دانەنیشتووین ..

لە تەلەفیزیونی ئیسرائیلی لاویك دەرگەوت بە عەرەبی دەنگ‌وباسی ئەخویندەوە ژنە خاوەن مالەکە لی‌ی پرسیم :

بیرورات بەرانبەر ئەم کوردە چی‌یە ؟ ... توش لە گەل من‌دانیت لەوەی کە کوریکی جوان‌و دەنگ خوشە ؟

ـ برامە !

ـ بەلام .. ( دورزی ) یە

ـ لەگەل ئەوەش‌دا برامە ، کوری باوك‌و دایکمە !

کابرای خاوەن مال ، ئازایەتی دای‌گرت‌و هاواری کرد ، ئەت‌گوت وولاتیکم خەلات ئەکات .

ـ کەواتە دە لیرەت لە کری‌کە بو دائەشکینم .

خوین بە گەرمی هیرشی هینا بو سەرو چاوم ، لە ژیانم‌دا هەرگیز سووکی‌ی وام بە سەرا نەهاتووە ، بویە هەلسام‌و رویشتم . ئیمەیش خانووەمان بەکری نەگرت .

٣ ـ ئەمرو لاویکم بینی کە تووشی ( شلل ) بوو بوو لە سەر کورسی‌یەکی دوو پیچکەی ( وەك پایسکل ) دانیشتبوو لە نزیك ( سوپرمارکت ) ، دەیەها کەس بەلایا تی‌پەرین بی ئەوەی هیچ گوی‌ی بدەنی . لی‌ی نزیك بوومەوەو لیم پرسی :

ـ ئەتوانم یارمەتیت بدەم ؟

ـ زور سوپاست ئەکەم گەر یارمەتیت بدامایەوەو پالت بنە کورسی‌یەکەوە بنایە تا شەقامی ( هەنفئیم ) ( پیغەمبەرەکان ) ، بی‌سی‌و دوو پالم نا بە کورسی‌یەکەوە تا گەیشتینە ئەو شوینەی کە ویستبووی ، بە روویەکی پر سوپاسەوە رووی تی کردم ، هەر

لەوەندە دلیم لە سەر لیوی نەئەدی : ووتی :

سوپاست ئەکەم گەورەم ..... سوپاسیکي بی پایان ... بە راستی تو جوولەکەیەکی باشیت .

٤ ـ زەنگی تەلەفون لە ژوورەکەما لی‌ی‌دا . لە لایەکەی تری تەلەفونەکە قسەکەر ئەفسەریکی ئاسراوی پولیس بوو . ئەمانەویت دەربارەی دیوانەکەی ئەم دوایی‌یەت لە گەلتا بدوی‌ین کە دەستمان بە سەردا گرتووەو ئەو ( ملفه )یەی دژی تو کراوەتەوە .

کە گەیشتمە دایەرەی پولیس پینج کەس لە بەناو بانگ‌ترین ئەفسەری پولیسی ( حیفا ) دەورەیان دام .

ـ لە کوی بوویت ، لە فلان بەروارەوە تا فلان بەروار چیت کردووە ؟ ئەو کەسانە کین کە چاوت پی‌یان کەوتووە لە بەری روژئاواو ناوچە ( داگیر کراوەکانی ) تردا .

ـ ئەم تاوانەی ئەمرو ئاراستەت کراوە زور گەورەیە .. تاوان باری بەوە کە هاوبەشیت کردوە لە تیکدانی دەزگای نەوتی بەندەری ( کیشون ) لە ئاودری ( حیفا ) .

ـ ئەم تاوانانە هیچیان راست نین !

ـ باشە ، تو بەندیت بو لی‌کولینەوە لە گەلتا ... ئەتەوی کەس بەم گرتنەت ئاگادارکەیت ؟

ـ ئەمەوی هاوریکانم ، دەستەی نووسەرانی ( الاتحاد ) بەوە بزانن .

هاتن لە گەلمدا بو ئەو ژوورەی کە شارەزای هەمووی شوینیکیم لەو بەندیخانەیە .... تا لەو ژوورە چەندەها شەوو روژم رابواردووە ... سەر لە بەیانی روژی پینجی حزیران ١٩٦٧ من‌و هەڤال ( زاهی کرکبی ) ئەندامی کومیتەی ناوەندی پارتی کومیونیستی ئیسرائیلی‌و هەڤال ( علی عاشور ) ی هاوریم لە دەستەی نووسەراندا ، یەکەم تاقم بووین لە بەندە سیاسی‌یەکانی هیرشی دوژمنانەی ئیسرائیلی ، دوایی بالای ( سالم جبران ) ی شاعیرو ( علی رافع )ی پاریزەرو گەلیکی تر لە هاوری‌و هەڤالانمان بە دەرکەوت

٥ ـ روژی پینجی حوزەیرانی ١٩٦٧ لە ریگەما بو بەندیخانەی ( دامون ) ( علی عاشو ) هاوریم بوو لە کەلەپچەکە کە ئەویش وەك من بەندیکی سیاسی بوو .. بەلام ئەمرو بو بەندیخانە کابرایەکی ( گەواد ) و بەنگ‌کیش هاوری‌ی کەلەپچەمە کە لە جیهانی پیاو خراپاندا بەناو بانگەو منیش باشی ئەناسم ! لە کوی ؟ پیش چەند مانگیك ژووریکم بەکری گرت لە سەربانی یەکی لە ساختمانە بەرزەکانی ناوشار ، کە شتوومەکەکانم گویزرایەوە بوم دەرکەوت ( دراوسیکەم ) کە لە ژووری دووەمی سەربانی هەمان ساختمان دائەنیشیت ، ئەم ( پیاو ) ەیە . گەوادو بەنگ‌کیشی بەناوبانگ لە جیهانی نزمەکاندا .

لە یەکیك لە بەشەکانی بەندیخانەی ( جملة ) بانگ کرام بو لی‌کولینەوە ... لە هەمان ژووردا پیش ماوەیەك لی‌کولینەوەیان لە گەل کردم بە تاوانی ئەوەی کە پەیوەندیم لە گەل ریکخراوی ( فتح ) هەیەو کومەلی شەرکەر لە ناو ئیسرائیلدا پیك دینم .

ـ خوت ئەزانی ئیستا چ تاوانیکی گەورەت ئاراستە کراوە .

ـ بەلی ئەوە ئەزانم ... ئەشزانم کە لە بنەرەتا هەمووی درویە .

دوەمیان ووتی : « بە یەك گەیشتنت لە گەل فلان‌و فلان کچ بە گویرەی ریك کەوتن‌بوو ؟

ـ نەء .

دەیەها پرسیارو تی بینیم بە سەردا داباری .

لە پر سی‌یەمیان ووتی : « زوورم رق لیت ئەبیتەوە ، توش رقت لە من ئەبیتەوە ، وانی‌یە ؟

ـ ئەزانم تو رقت لە من‌ئەبیتەوە ، با بەز سەر دلت بگری ... بەلام من رقم لە تو نابیتەوە . ئەوەیە کە لە بیرو را لە گەل تودا نیم .

ـ پیش ئیستا ( لەغەم ) و تەقەمەنیت دیوە ؟

ـ بەلی دیومە !

هەموو ئازای ( ئەندامی ) لەشی هاتە ئاگاو وەك یەکی کاریکی زور گرنگی کردبی پرسی :

ـ لە کوی ؟

ـ لە سینەما

ـ مەبەسم ئەوەیە هی راستی .. لە سروشتا

ـ بومبای دەستی‌و دووکەل پژینم دیوە ، هەروەها چەکی شەستیرو گوللە توپی هاوەن‌و ..

ـ بەسە . لی‌کولینەوە دەوامی کرد : لە دوایی‌دا لاویکی توندو تیژی دەنگ کر ووتی :

ـ گەر ئەم تاوانەت بەسەردا ساغ بیتەوە بە گران لە سەرت ئەوەستی .

# بو وریا بونەوەی خانمانی کورد

لە پیش ٢٥ سالدا لە لایەن ئەندازیار نوری کاکە حمەوە ریکخراوە کە قوتابی بوە لە بەغدا

خانمانی کورد هەتا کەی دیلی دەستی پیاو ئەبن
تاکو کەی خاوەن پەچەو بی جیگەو بی ناو ئەبن
بەسیە تاکەی لەش بەبان زەردو سستو خاو ئەبن
تا نەخوینن هەر زەبونو دیلو توشی داو ئەبن
بیتو سەربەستبن هەمیشە سەر سەرو سەر چاوەبن

***

هەستە بەندی تاکو کەی بنوارە عالەم چون ئەژین
هەر لە هیندو چین هەتاکو خانمانی خور نشین
غەیری تو خو بی عەبایە گشت ژنانی سەر زەمین
بەسیە شەرمە شەخسو نوشتە تیکەلی باجی هەمین
هەستە دەستو برد عەباکەت تور بدە پی‌ی خوشە دین

***

ئەو زەلامەی دی بە زولی شەرمی بەدخوت فیر ئەکا
تو بزانە برسیە بی پولە ورگی تیر ئەکا
تو لە دایک بوی بەسەربەست حەیفە خوی بی خیر ئەکا
ناپەسەندە ئەو کەسەی وا فەرقی می‌و نیر ئەکا
جەهلە ئیوە فیری شەرمو دزو پەچەی ناو دیر ئەکا

***

پیری زوردارە کە قەومی کوردی وەك مەر لی خوری
ماچی دارو بەردی شەخصە توی لە ژین کرد بی‌بەری
خولی گوریش کردنە ئاوات جەرگی ملیونی بری
داوو درمانی پرو پوچ عەمری جوانانی سری
بەسیە تاکەی هەر نەخویندن بەسیە تاکەی بی فەری

چاو لە نوشتەو پرچی دەرویش بو کە ئیمەی دارزان
دور لە خویندن بو کە ئیمەی بو جەهالەت رافران
جوت عەباکەت پانی بەرزت قەدری جوانیتی شکان
دور لە بەزمو رەزمی دنیا گەنجو عەشقیتی مران
هەستە کونجی خانو گرتن بەسیە تا ئاخر زەمان

***

ژن لە پیك هینانی نەسلا کردەوەی شازی هەیە
بو سەلیقەو ئیشی ووردی تەبعی جیاوازی هەیە
ئەو لە حەفلەو کومەلا خو شوینی ممتازی هەیە
ئافرەتیکی خورنشینی تا بلی نازی هەیە
خانمی کوردیش رەوشتی پورە گولنازی هەیە

***

خوشکەکانو گەنجەکانو خانمانی نازدار
فەرزە پیاوو ژن کە هەردو بن تەواوی خویندەوار
هەستە قەرنی بیستەمە کەی روی گراوەت دیتە شار
دەردی جەهلە توی لە کونجی خانوا کرد زامدار
هەلسە هەردو دەسگرین تا نیشتمان بی پایەدار

***

مافی تو دەگمەن لە کومەل هیچ فەراموشی نیە
هەرکەسی پی‌ی پیا نەنی وا نوستووە هوشی نیە
هیچ گەلی بی هیزی ئیوە زەرەیە جوشی نیە
بی وجودی دەنگی ئیوە کومەلی خوشی نیە
هەستە خانم غیر لە کوردا شەرمو روپوشی نیە

« پاشماوەی ژمارەی پیشوو »

# بۆچی شۆڕشی دیموکراتی نوێ
# تەنیا ڕێگەی شۆڕشی وڵاتانی نیمچە کۆلۆنی نیمچە دەرەبەگیە ؟

## ٤ – دیموکراسی نوی ، ریگەی شورشی ولاتانی ئاسیاو ئەفریقاو ئەمریکای لاتینی‌یە :

ماوتسیتونگ بەشی‌کردنەوەی سروشتو ریگەی شورش ، بە هیزی دوژمنانی شورش‌و لاوازی شورش‌گیران . سەبارەت بە سروشتی دریژخایاندنی شورشی پەی بردو لە ئەنجاما خەباتی چەکدارانەی کومەلانی خەلك‌و جەنگی گەل ، دامەزراندنی بنکەی شورشگیرانە لە لادی‌و گەمارودانی شارەکان لە ریگەی دیهاتەوە هینایە پیشەوە . لە بەر ئەوە ئەرکی سەرشانی پارتی چینی کریکارە کە ناوەندی کاری خوی بخاتە لادیکانەوە ، ئاستی سیاسی جوتیاران لە ریگەی خەباتی ئابوری‌یەوەو راکیشانیانەوە بو خەباتی سیاسی بەرز بکاتەوەو بە هوشیارکردنەوەی جوتیاران زروفی رابەرینی جوتیاران ئامادە بکا ، ناوچەی پارتیزانی پیکەوە بنی‌و لە دوایی‌دا پیشکەوتوترین ناوچەی پارتیزانی کە کومەلانی خەلکی تیا هوشیار کراوەتەوەو چالاکانە بەشداری شورش ئەکەن‌و دوژمن لەو ناوچەیەدا نفوزی سیاسی‌و سەربازی خوی لە دەس داوەو کونەپەرستان تیا کزبوون بکا بە بنکەی‌شورشگیرانە .

بنکەی شورشگیرانە ، ئەوی راستی‌بی ، ولاتیکی سەربەخوی بچوکە کە دەستەلاتی دەرەبەگایەتی‌و ئیمپریالیزمی تیا تەهیلراوەو شورشی سیاسی‌و ئابوری تیا کراوە مەرجی مانەوەی بنکەی‌شورشگیرانە سەرکردایەتی پارتی چینی کریکارە لە هەموو لایەکانی سیاسی ، ئابوری ، سیاسی‌و فەرهەنگی‌دا ، دامەزراندنی حکومەتی ناوچەی سەربەخویە بە بەشداربوونی چینە شورشگیرەکان ( دیکتاتوری دیموکراتی گەل ) : پیکەوەنانی لەشکری گەلی‌یە کە پارتی رابەری بکاو هوشیارکردنەوەی بەرینی کومەلانی خەلك‌و پیکەوەنانی ریکخراوی گەلی دیموکراتی‌و ئاشکرایە ، ئەمانە مەرجی پایەداری بنکەی شورشگیرانەن . بنکە ئەبی بیتە قەلایەکی قایمی سیاسی ، سەربازی ، ئابوری‌و فەرهەنگی شورش‌و شورش لە سایەی ئەمەوە بەرەو پیشەوە شەپول بدا ، بەرەبەرە بتەنیتەوە هەموو لایەك بگریتەوە ، شارەکان بە هوی ئەم ناوچە ئازاد کراوانەوە ئابلوقە بدری‌و خەباتی کومەلانی خەلك لە شارەکاندا بەرابەری پارتی پەرە بسینی . ئەو کاتە بە هیرشی لەشکری گەلی شارەکان ئەکەوینە دەست هیزە شورشگیرەکان‌و شورش سەر ئەکەوی .

بەم جورە بە سەرکەوتنی شورشی دیموکراتی نوی نەك هەر تەنیا زروفی سیاسی گواستنەوە بەرەو سوسیالیزم ئەگات بەلکو زروفی ئابوری‌و رەوشەنبیریشی ئامادە ئەبی . بویە بە چاکی ئەوە دیارە کە شورشی دیموکراتی نوی‌و شورشی سوسیالیستی لەم ولاتانەدا دوو قوناخن لە کردەوەیەکدا ( عملية ) کە ولات لە باری نیمچە کولونی‌و نیمچە دەرەبەگی‌یەوە یا لە کولونی‌یەوە ئەگەیەنیتە سوسیالیزم . لە قوناخی یەکەما جوانەهای قوناغی دووەم گەشە ئەکاو قوناخی دووەم دریژەی

سەرکردایەتی پرولیتاریا لە شورشدا چیگیر نەبی ، شورش لەشکی و درەنگ یا زوو ریژیمی پیشوو دا ئەمەزریتەوە . راستی ئەم تیوریەی ماوتسیتونگ لە بابەت شورشی ولاتانی کولونی ، نیمچە کولونی و نیمچە دەرەبەگی بە چەشنیکی رووناك لە جیبەجی کردنی شورشی چینا سەلمینرا و لە شورشی زور ولاتانی جیهاندا وەکوو ڤیتنام ، لاوس ، بورمە ، تایلاند ، ئیندونیزیا بەکارهینراوە و گەلی سەرکەوتنی بە دەستهیناوە وە هەروەها لە چەندین ولاتی ترا گەلانی زور لیکراو کەوتوونەتە سەر ئەو بیرەی کە بە پشت بەستن بە بیرو باوەری ماوتسیتونگ ئەتوانن شورشی دیموکراتی لە ولاتی خویاندا بگەیەنن بە سەرکەوتن .

ئیستا سەرنجیکی گشتی لە ولاتانی دوواکەوتووی ئاسیا ، ئەفریقا ، ئەمریکای لاتینی ئەدەین و لەو جولانەوانە ئەکولینەوە کە لەم ولاتانەدا روویان داوە . پاش جەنگی جیهانی دووەم سوسیالیزم گەلی سەرکەوتنی گەورەگەورەی بە دەست هینا چونکە بە دوای تیکشکانی بیرو باوەری نازی یا لە جیهاندا ، سەرکەوتنی شورشی چین و پەیدا بوونی لەشکری سوسیالیزم ، تواناو دەستەلات و نفوزی سوسیالیزمی لە سنووریکی فراواندا زیاد کردو جەزرەبەیەکی کوشندەی دا لە سیستەمی ئیمپریالیستی جیهان وە بە تایبەتی لە کونەپەرست ترین و درەندەترین بەشی کە فاشیزم بوو . خەباتی گەلانی زورلیکراو دژی ئیمپریالیستەکان و کونەپەرستانی ناو خو زیاتر پەرەی سەند .

**لە ئاسیا :** لە ولاتانی وەکوو فیلیپین و ملایا سەرکردایەتی شورشی دژی ئیمپریالیستی بە دەست کومونیستەکانەوە بوو . بەلام نەناسینی باساکانی شورشی دیموکراتی نوی ، ئامادە نەبوون بو شورشی دریژخایەن . کەم نرخ دان بە هیزە کونەپەرستەکان و نەناسینی رووخساری راستەقینەی ئیمپریالیزمی ئەمریکا لە لایەکەو ریکەوتنی هیزە دەرەبەگی و بورژوایی یەکان لە گەل ئیمپریالیزم لە لایەکی ترەوە بوون بە هوی ئەوەوە کە شورشی ئەم ولاتانە بە موقەت تووشی شکان بین و ئیمپریالیزمی ئەمریکا نفوزیکی بی ئەندازەی لەم ولاتانەدا پەیدا کرد .

لە ئیندونیزیا شورشی دژی ئیمپریالیستی بە رابەری بورژوازی نیشتمانی هەلگیرسا بەلام ئەم شورشە نەیتوانی مەسەلەی لە ناو بردنی پەیوەندی دەرەبەگی تەواو بکا وە بە ریکەوتنیك کە بالی راستی بورژوازی و دەرەبەگەکان لە گەل ئیمپریالیزمی ئەمریکادا کردیان حکومەتی ئەحمەد سوکارنویان لە ریگەی کودەتایەکەوە رامالی و دەستەلاتی ئیمپریالیزم و کونەپەرستانیان جاریکی تر گیرایەوە . پارتی کومونیستی ئیندونیزی کە خەباتیکی زوری لە شورشی دژی ئیمپریالیستیا کردبوو لە سەردەمی حکومەتی سوکارنودا زیاد لە ئەندازە نرخی دا بە دەوری بورژوازی نیشتمانی . بەلام دووای هاتنە سەرکاری دوژمنانی شورش و ئەو جەزرەبە سەختەی لە پارتی کومونیستیاندا : پارتی چاوی گیرایەوە بە هەلویستی ریفزیونیستی خویا دەربارەی بورژوازی نیشتمانی و گرتنە دەستی دەستەلاتی سیاسی و چەکداربوون بە بیرو باوەری ماوتسیتونگ ریگەی خەباتی چەکدارانەی لە ریگەی دیهاتەوە گرتە بەر ، وە هەر روژەی هەنگاویکی تازەو سەرکەوتنیکی تازە تر لە شورشدا بە دەس دینی . یەکی لە چاکترین نموونەی سەرنەکەوتنی شورشی بورژوا دیموکراتی بە رابەری بورژوازی هندستانە . لە هندستانا بزووتنەوەی دژی ئیمپریالیزمی ئینگلیز لە پیناوی بە دەستهینانی ئازادی و سەربەخوییا پاش جەنگی جیهانی یەکەم زور پەرەی سەند بەلام بە شینەیی کەوتە دەست بورژوازی کومپرادورو دەرەبەگەکان کە پارتی کونگرە نوینەریان بوو .

هندستان ئەگەرچی توانی لە چوار چیوەی ولاتانی کومون ویلثا سەربەخوییەکی رووکەش بە دەس بینی بەلام لە لایەکەوە مەسەلەی دەرەبەگایەتی هەروا بە توندی مایەوە وە لە لایەکی ترەوە پەیوەندی سەرمایەداری سەربەستراو بە ئیمپریالیزمی ئینگلیزو ئەمریکاوە گەشەی کرد . هندستان ئەمرو یەکیکە لە دوواکەوتووترین ولاتەکانی دنیاو شوینی تەراتینی ئیمپریالیزمە . گەلانی هندستان وە لە پیش هەمووانەوە مارکسیت ـ لینینیستەکان بە تەجروبەوەرگرتن لە خەباتی رابوردوویان و بە چەکداربوون بە

حەتمی قوناخی یەکەمە . هەروەکوو ئەگەر شورش بە جوریکی تر بگا بە ئەنجام بە تایبەتی کە ئەگەر بیرو باوەری ماوتسیتونگ لە چەندین هەریم جوتیارانیان بو راپەرینی چەکدارانە هوشیار کردوتەوەو گەلی سەرکەوتنیان بە دەست هیناوە . ئیستا خەباتی گەلانی ئیران تا دیت زیاتر پەرە ئەسینی . لە ئیران شورشی بورژوا ـ دیموکراتی لە سەرەتای سەدەی بیستەم ( ١٩٠٥ ـ ١٩١١ ) بە رابەری بورژوازی نیشتمانیو شورشەکانی سالانی ( ٩١٤ ـ ٩٢١) کە بە رابەری وردە بورژوازیبوونو بە دووای ئەوا هاتنە سەرکاری موصەدیق لە سالەکانی ١٩٥١ ـ ١٩٥٣ کە نوینەری بورژوازی نیشتمانی بوو هەموو تووشی شکان بوونو نفوزی ئیمپریالیزم تا دیت لە ئیرانا لە زیادبونایە ، هەروەها لە تورکیاش شورشی بورژوا ـ دیموکراتی بە رابەری بورژوازی ، لە کوتایی جەنگی جیهانی یەکەما ، تووشی شکان هاتو تورکیا پاش جەنگی جیهانی دووەم بوو بە بنکەیەکی قایمی ئیمپریالیزمی ئەمریکا .

**لە ئەفریقا** : بە هوی تالانکردنی درندانەی ولاتانی ئەفریقاییو کردنیان بە کولونی ( مستعمرە ) لە لایەن ئیمپریالیزمەوە ، بورژوازی نیشتمانی بە تیکرایی نەیتوانی گەشە بکا ، هەروەها چینی کریکاریش ریکخستنیکی زوری نەبوو لە بەر ئەوە ئەو بزوتنەوە ئازادیخوازییانەی لە پاش جەنگی جیهانیدووەمەوە لە ئەفریقا رووی‌دا بە دەست وردە بورژوازییەوە بوو ئیمپریالیستەکان کە شەولی شورشگیرانەی گەلانیان دی بەرامبەر بە خویان لە لایەکەوە لە ریگەی میتود ( طریقە )ی نیو کولونیالیستی ( استعماری تازە ) و بە پشتیوانی کونەپەرستانی ئەم ولاتانە وەکوو تونس بەری ئازادبوونیان گرتنو لە لایەکی ترەوە لە ولاتانیوەکوو کونگو ، گانا ، مالیو تاد کە وردە بورژوازی بە موقەت توانی بووی سەرکردایەتی خەباتی دژی ئیمپریالیستی بگریتە دەست پەنایان بردە بەر بە کارهینانی توندو تیژیو لە ریگەی کودەتا ( انقلاب ) ە وە جاریکی کە دەسەلاتی خویان گیرایەوە ناویان .

هوی شکانی وردە بورژوازی کاربەدەست لەم ولاتانەدا ئەوەیە کە ئەوانە لەو کاتەدا کە سیاسەتی دەرەوەیان تا رادەیەك پیشکەوتووانەی‌یە لە ناوەوەی ولاتا توانای لە ناو بردنی کونەپەرستانو پشت بەستنیان نییە بە گەل . چونکە ئەنجامی چەند ریفورم ( اصلاح ) یکی رووکەشو نیوەو نیوەچل ناتوانی دەوریکی کاریگەر بگیری لە تەفرو توونا کردنی دوژمنانو بەرەو پیشەوە بردنی شورشا . وردە بورژوازی ماکینەی دەولەتی ناروخینی کە بە دەستی ئیمپریالیزملەم ولاتانەدا دامەزراوە ، بەلکو خوی سواری ئەبی . لە ئەنجاما لە باتی شان دادانە سەر هو شورشگیرەکانی ناوەوە واتە کومەلانی خەلك ئەهەوی لە ریگەی ئەو یارمەتییانەوە خوی بپاریزیت کە لە لایەن ولاتانی دەرەوە ئەدریت

لە پال ئەمانەشا ئیستا لە چەند ولاتی ئەفریقایی وەکوو کونگو ، گینیایی پورتوغالی ، موزامبیك ، ئەنگولا ، رودیسیا .... تاد مەشخەلانی شورشی دژی ئیمپریالیستیو دژی دەرەبەگایەتی تا دیتروژ بە روژ بەرزتر ئەبیتەوەو کلپە ئەسینی .

**لە ئەمریکای لاتین :**

لە دوای دوزینەوەی ئەمریکا ، ولاتانی ئەمریکای لاتینی بە گشتی بوون بە مستعمەرەی ئیسپانیاو پورتوغال . خەباتی گەلانی لاتینی بە سەرکردایەتی بورژوازی نیشتمانی دژی داگیرکەران لە سەدەی نوزدەهەمەوە بە توندی درێژەی کیشا بەلام لە پاش دەرکردنی ئیسپانیاو پورتوغال ،

ئیمپریالیزمی ئەمریکایی جیگەی داگیرکەرانی کونی گرتەوەو تەنانەت هەندی لە ناوچەکانی وەکوو پورتوریکوی خستە ژیر دەستی خویەوە . بزوتنەوەی نیشتمانی گەلانی ئەمریکای لاتینی بە هوی سەرکردایەتی بورژوازی نیشتمانییەوە بەرزی مایەوە . ئیستا ئیمپریالیزمی ئەمریکایی بە جوریکی ئاشکرا لووتی ژەندوتە هەموو کارو باری سیاسیو ئابووریو کومەلایەتی ئەمریکای لاتینەوەو رەگی کارەکانی ئەم قارەیەی گرتوتە دەست خوی . لە دووای جەنگی جیهانی دووەمەوە بە هوی ئەوەوە کە پارتییە کومونیستییەکانی زوربەی ولاتانی ئەمریکای لاتینی ریگەی سەرلیشیوانو هەلپەرستییان گرتە بەرو خویان لە

خەباتی ئاشکراو پەرلەمانی‌دا نقوم کرد وردە بورژوازی شورشگیر سەرکردایەتی‌شورشی لە دژی‌ولاتانی ئەمریکای لاتین‌دا ریکخست ئەگەر چی زوربەیان تووشی شکان هاتن . ئیمپریالیستەکانی ئەمریکایی‌و کونە پەرستەکان لە ریگەی کودەتاوە کەسانی نوکەری خویان ناردە سەرکار . نموونەی کودەتاکانی گواتیمالا ، بەرازیل ، ئارجەنتین پیشانی ئەدەن کە ئیمپریالیستەکانی ئەمریکا بە هیچ کلوجیك بونی حکومەتانی « لاسار » قبول ناکەن هەروەها تەقەللای وردە بورژوازی ئەمریکای لاتین‌بو پەیرەوی کردنی مودیلی شورشی کوبا لە زوربەی ئەم ولاتانەدا تووشی شکان هاتووە ئەو تاقی‌کردنەوەو تەجروبە زورو زەبەندانەی کە لە شکانی ئەم بزوتنەوە بە دەست هاتووە یارمەتی مارکسی‌یە - لینینی‌یەکانی ئەمریکای لاتینیان داوە کە بەشی کردنەوەی باری ئەم قارەیە بەخو چەکدارکردن بە تیوری شورشی دیموکراتی نوی دەس بکەن بە ریکخستن‌و سازدان لە لادیکاندا وە لە هەندی لەم ولاتانەدا وەکوو کولومبیا پارتی کومونیست ( مارکسی - لینینی ) سەرکردایەتی راپەرینە جوتیاری‌یەکانی گرتوتە دەست .

ئەم روانینە کورتە پیشانمان ئەدا کە لە دوای شورشی ئوکتوبەرەوە **یەکەم** بورژوازی نیشتمانی لە هیچ یەکی لەم ولاتانەدا نەی توانیوە لە سەری شورشا جیگەبگریت وە تەنانەت ئەگەر ئەو جیگەیەشی گرتبیت شورشی دیموکراتی‌یان لە نیوەی ریگەدا وەستاندوەو بورژوازی لە گەل ئیمپریالیزما سازاوە . **دووەم** وردە بورژوازی بە هوی ئەوەوە کە لە رووی چەندایەتی‌یەوە تا رادەیەك ژمارەیان زورە ، لەو ولاتانەدا کە پرولیتاریا ریکخراوی شورشگیری پیشرەوی خوی نەهیناوەتە کایەوە وەیا پارتی سەرلی‌ریفیژیونیستی‌کان خیانەتیان لە شورش کردوە وە بورژوازی نیشتمانی یا لاوازە وەیا خود لەگەل‌ئیمپریالیزما ریکەوتووە ، لە سەری شورشا جیگەی خوی ئەگری تا رادەیەك دژی ئیمپریالیزم خەبات ئەکا وە بو پاراستنی خوی وەکوو پشتیوانیك کەلك لە ولاتانی دەرەوە وەرئەگری . لە ناوەوەی وولاتا چەند ریفورمیك ( اصلاح ) ئەکا بەبی ئەوەی ماکینەی دەوڵەتی برووخینی لە ئەنجاما ناتوانی کومەلانی خەلکی لە دەوری خوی کو بکاتەوە . لە بەر ئەوە بە هوی ناکوکی دەروونی ( داخلی ) خویەوە ،

بالی راستی وردە بورژوازی لە گەل کونەپەرستان‌و ئیمپریالیزما ریك ئەکەوی وە دەستەلاتی سیاسی لە چنگی بالەکانی تر دەرئەهینی وەیا بە هوی پالەپەستوی ئیمپریالیزمەوە وردە بورژوازی فەرماندەر ئەکەویتە خو گونجاندن . **سی‌یەم** میژووی خەباتی گەلانی زوردلی‌کراو پیشانی ئەدا لەو شوینانەدا کە پرولیتاریا ریکخستنی سیاسی خوی پیك هیناوەو چەکدارە بە تیوری پیشکەوتووی شورشگیرانە واتە بە مارکسیزم - لینینیزمی ئەم سەردەمە هەر روژە سەرکەوتنیکی گەورەتر بە دەست ئەهینی لە یەکخستنی چینە شورشگیرەکان‌و وە بەرەو پیشەوە بردنی مەسەلەی شورشا .

---

## اعلان

سيجري تسجيل فضلة الطريق ذات تسلسل ٧٧٥ الواقعة في محلة كانيسكان باسم رئاسة بلدية السليمانية باعتبارها ملكاً صرفاً فعلى من يدعي خلاف ذلك مراجعتنا خلال ثلاثين يوما من تاريخ اول نشرة مستصحبا مستنداته .

سعيد شفيق

مدير طابو لواء السليمانية

رزگاری ژمارە ١٣

---

## اعلان

سيجري تسجيل فضلة الطريق ذات تسلسل ١١٧٥ الواقعة في محلة گويژه مجددا باسم الوحدة الادارية لمحافظة السليمانية ملكاً صرفا فعلى من يدعي خلاف ذلك مراجعتنا خلال ثلاثين يوما من تاريخ اول نشرة مستصحبا مستنداته .

سعيد شفيق

مدير طابو السليمانية

رزگاری ژمارە ١٣

# سورانه

## ئاوینەی ئاشکراکردنی خیانەتی دەرەبەگایەتی یە

یەکیک لە پارسەنگی چەوساندنەوەی کومەلانی جوتیاران و لادی نشینەکانی ژیر دەستەی رژیمی دەرەبەگایەتی کە ئیستەش زوربەی جوتیارانی لادیکانمان بەو دەردەوە ئەنالینن ( سورانە ) یە .. سورانە دوالەتیکی ناشیرینی دەسەلاتی دەرەبەگایەتی دەر ئەبری .. دەرەبەگەکان وەکو هەموو دەسکەوتیکی تریان پاریزگاری لە نەریت و مانەوەی ئەکەن و ئەهمیەتی پی ئەدەن ، ئەم فەسالە گرانە هویەکی نا شەرعی یە بو پەیداکردنی دەرامەتی دەرەبەگایەتی ، هەروەکو شوینەواریکی چەوسینەرەوەیە کە لە کونەوە بە هوی زورە ملی دەرەبەگەکانەوە لە ناو کومەلانی خەلکی لادی نشینەکانا باو بووە ، وە تاوەکو ئیستەش ماوەتەوە .. بو ئەوەی باشتر لە سورانە بگەین کە چی یەو ، چونە ؟ ئەلین . — ئەگەر فەلاحیک یا هەرکەسیک لە دانیشتوانی لادیکانی قەلەم رەوی دەرەبەگایەتی وەختیک ئەو بنەمالەیە کچ بە شو ئەدەن پیویستە بەر لە کردنەوەی رازونیازی خوازبینی و بەر لەهەموشتیک پرس بە ئاغایان بکەن و فەرمانی ئاغا بهیننە دی و داخوازیەکانی جی بە جی بکەن ، ئەمە لە کونەوە بوەتە عادەتیکی رەش

ئەگەر فەلاحیک بیەوی کچەکەی شوو بکات ئاغای ئەو دی یە بەناوی سورانەوە داوای هەندیک پارەی زور یاخود یەلپی پارچەیەک چەکی باش ئەگری ئەوسا ریگا ئەدات بە کەسو کاری ئەو کچە کە نەریتی شای و زەماوەن جی بەجی بکەن ، خو ئەگەر هاتو بە بی پرسی ئاغا زەماوەندیک بکری و کچیک شوو بکات و پیشەکی حیسابی سورانە نەبریتەوەو ئاغا بەشی خوی وەرنەگری ئەوا بە هوی دەست و پیوەندەکانیەوە ری گری لەم شای و زەماوەنە ئەکات و بەربەستی ئەبی ، هەرچەندە لەم روژگارانەی دوای دا بە هوی ریکخستنی کومەلانی جوتیارانەوە چ بە ئاشکراو چ بە نهینی تا رادەیەک دەستەلاتی دەرەبەگایەتی لە هەندیک شوینی کوردستانا تیک شکاوەو کپ بوتەوەو وە ئەم شوینە وارە رەشانەیان وەکو داستانیک وە یاخو بە سەر هاتیکی رابوردو لە پاشەملەی خویان بە سەرزاری ئەی گیرنەوە چونکە بە هوی ریکخستنی کومەلانی خەلکەوە باوی نەماوەو نراوەتە گررەوە .. بەلام لەو ناوچانەی کە تاکو ئیستا دەستی ریکخستنی پی نە گەیشتوەو کومەلانی جوتیاری و چینە زەحمەتکیشەکانی کوردەواری

لە ناویانا وزەوتوانای ئیش کردنی نیە ، لەمەو بەر چون باوبووە ئیستاش هەر عەینی نەریت و تەقلید بە کار ئەهینریت ..
سورانە ئەگەر بە وردی باری سەرنجی پی بدەین و شی بکەینەوە شورەیی یەکی ئەوەندە گەورەیەو روکەشیکی ئەوەندەی بی شەرمانەی هەیە مەگەر هەر لەزاتی کونەپەرستی دەرەبەگایەتی بوەشیتەوە وەری بگری و داوای بکات ، ( چونکە کە وتمان دەرەبەگ ئیتر نەبریتەوە . ! ) سورانە وەکو موریکی شەرمەزاری لچکاوە بە ناو چەوانی پیسی دەرەبەگایەتی یەوە ، لە هەمو سەمەرەتر ئەوەیە گەلیک جار وا دی ئەکەوی کە ئاغا بە پیچەوانەی ئارەزوی فەلاحەکان کچەکانیان ئەدات بە شوو وە تەنانەت دەسکاری شیر بایی و (کە ئەویش دیسان دوالەتیکی ناشیرینەو لە ناو کوردەواریا هیشتا بنە بررنەبوە ) مەرج و بەلینی بە شودانی ئەو کچە ئەکات .. جگە لەوەش کەماوە بو گواستنەوەی کچەکە دا ئەنی و ئەگەر بیەوی بە زور بو یەکیک لە نوکەرو دەست و پیوەندەکانی خوی مارە ئەبری و ئەی گویزیتەوە ئەمانەش یەکیکن لە دیمەنی پاشکەوتنی ولات و هوشیار نەبونەوەی چینەکانی گەل .

# ژانی گـــەل

پێشکەش خەباتکەرانی
شەبەزی جەزائیری
نیسان ٩٥٦ کەرکوك
(هـ.ل.ب)

نیوەرویەك یەکێك لە وەردیانەکان دەرگاکەی لی کردەوەو پی‌ی ووت کە هەستی خوی کــو کاتەوە بــو خوشتن ئەمیش نە جلی پاك ، نــە لفکە ، نە سابون ، نە هیچ شتێکی تەبو لە خاولی‌یەکی چلکن بەولاوە کە جی‌ی هەمو شتێکی پی گرتبو . کە لە زیندانە تاریکەکەی هاتــە دەری تا ماوەیەکی باش چــاوی هــەل نەئەهات لە بەر تیشکی گەشـــی خور بویە هەروا کوێرانـــە دووی دەنگی پی‌ی یاساولەکەی پێشەوەی کەوتبو کە ئەوەندەی پی نەچــو دەرگایەکی بە توندی کـــردەوەو وەستا تا ئەم گەیشـــــتە لای دەرگاکەوە . ئەوســـا یاساولـــەکە نەختی گەرایەوە دواوە وە بە هەمو زوری خوی پالێکی پیوەنا بـــەلام نەختی مەبو لە پاتی ئەوە خـــوی کەوێتە بەرزەلامێکی تر کەوت کە لە ژورەکەدا وەستا بو دای بە دیوارە چینکوکەدا . یاساولەکەی پـــی‌ی وتن خوتان روت بکـــەنەوە ، وا ناوری‌کەی کەشتان هــات . وای وت پالی نا بە زەلامێکی کـــەوە ، ئنجا کابرای یاساول پی‌ی وتن : ژورەکەی لاتانـــەوە حـــەمامـــە هەرسێکتان پێکەوە ئەچنە ژوری وە ئەبی بە پینج دەقیقە لە خو شـــتن ببنەوە چونکە بەندی‌یەکـــان زورن‌و هەمووشی هەر سی حەمام هەیە . کەوای ووت لی‌ی‌دا رویە دەرەوەو دەرگاکەی لە سەر داخستن‌و ووتی پاش ( ٥ ) دەقیقە لی نەبونـــەوە بە رووتی ئەتان‌هێنمە دەرەوە دوایی نەلێن حکومەت زالمەو پولیس کافر ئوبالی خوتان بە ئەستوی خوتان . بەندی‌یەکانی تر کەوا دیاربو لـــە جوامێر بار سووك تر بوون ، جلـــە چلکنیان لەگەل خویان هێنـــابو بیشوون ، بە ناهومێدی جلەکانیان داناو هەرسی‌کیان خویان کرد بـــە ژوری حەمامەکە کە بریتی بو لـــە چوار دیوارێکی چینکو ، بنەکـــەی چیمەنتو ریژ کرابوو ، تانکی‌یەکـــی گەورەی قیر پرکرابوو لە ئاو ، لەو دیووە ئاگر ئەدا تەنەکەیەکـــی نەوتیش پر کرابو لە ئاوی ساردی لیخن ، بو هەرسێکیشیان قوتووە پەنیرێکی بەتال دانرابوو کە ئـــاوی پی بکەن بە خویانا . لە پەلەپەلی‌دا نەیان ئەزانی چی بکەن ، یەکێکیان نەختی لە ئاوی تانکی‌یەکەی کرد بە دەستیا توێخێکی داپلوخان هیـــچ شتێك نەبوو لە ( حەمامە ) کەدا کە لە سەری دانیشن چیمەنتوکـەش ئەوەندە داخ بووبوو بە پێشـــەوە خویان پی‌راگیر نەئەکرا چـــون خو بشون‌و چی بکەن ؟ بە ناچـــاری نیوەی ئاوە ســــاردی تەنەکـــە نەوتەکەیان رشت کـــە ئەویشـــ شلەتین‌بووبوو دوو سی قوتو ئاوی گەرمیان تی کردو کەوتنە خوشتـــن لە یەك کاتا هەرسێکیان دەستیـــان ئەبرد بو قوتووەکە کە ئاو بکەن بـــە خویانا . کردیان بە نورە تا دوانیان کەفەکەیان لە سەریان کردەوە ئاوی بن تەنەکەکە ئەوەندە داخ بووبـــوو جوامێر نەی ویرا بیکا بە سەریـــا ئەمان لەم حالەدا بوون ، هێشتان دەستیان لە لەشیان نەدابوو کـــەوا بونی چلك‌و ئارەقیان پیاوی گیـــژ ئەکرد . لە پر کابرای یاســـاول بەخوی‌و قەمچی‌یەکەیەوە کردی بـــە ژورا شیرزانی بەسەریانا : ئـــەوە چی‌یە‌هێشتا لی‌نەبوونەوە ؟ یاللادەی هەستن برونە دەری خوتان پوشتە بکەنەوە . کە روانی یەکێکیـــان – جوامێر – هێشتا هەر ســـەرو چاوی سابوناوی‌یەو خەریکە بـــە دەست لی‌ی ئەکاتەوە . پری دایە تەنەکە ئاوە گەرمەکەو بە جارێـــك کردی بە سەریا جوامێر قیژەیەکی شیتانەی لیوە هات لـــە ئازاری

دابلوخانی سەرو گویلاكو شانو ملی . كابرای یاساوول دایە قاقای پیكەنین . بە قەمچیو شەقو پالە پەستو هەرسیكیانی پیش خوی دا بو ژووری سارد ! » روانییان سی بەدبەختی تر خویان رووتكردوتەوە بە دلی خوشو رووی گەشەوە چاوەروانی خوشتن ئەكەن !

جوامیر بە مانگی ئەوسا سەرو گویلاكو شانو ملی پیستیان هاتەوە دوای ئەم بە پەنگ كردنە تەگبیریان كرد كە لەمەولا هەر جارە بە هەرسیكیان یەكیكیان بشوون ، بو ئەوەی بتوانن لە پینج دەقیقەكەدا شتی بكەن بە شتی . بەلام زیندانخانە هەر زوو بەمەیان زانی ، بریاریان دا كە ئیتر هەر جارە سی كەسی تازە پیكەوە بنیرن بو خوشتن . بەلام بەندیخانە گوی نادەنە ئەم پیلانەی بەندیخانەو هەر لە سەر ریكەی خویان ئەرون . ئەگەر چی هیوایان ئەبی كە بە سالیك جاریك نورەیریكەوتی شتنی بەتە سەر .

جوامیر لە ناو ئاوی شلەتینو حەمامی كاشی رازاوەی مالی لاوەدا ئەو حەمامەی زیندانی خویانی بیركەوتەوە هەناسەیەكی هەلكیشا دوای خو ووشككردنەوە جلە كونەكانی لە بەركردەوە ، و هەستا چووە ژووری نوستن هەر خوی كرد بە ژیر جیگاكەوە ئیتر خەوی لیكەوت بی ئەوەی هیچ ئاگای لە نەرمو شلی پیخەوەكەی بی

هیشتا دنیا تاریكو لیل بوو ، جوامیر لەخەو رابەری ، شەوی لە كفتیدا سەرومر لیی نوستبوو . چاویكی بە دەوروپشتی خویا لەپیشا نەهاتەوە بیری كە لە كوییە ، لە پاشا بەرە بەرە هاتەوە سەرخو . كە دیی هیشتا روژ زووە پیخەوەكەی كیشایەوە بە سەر دەمو چاویا . یەكەم جاربو لە ماوەی دە سالدا كە لە ناو نوینی وا نەرمو شلدا نوستبی . زوری لا خوش بو بتویتەوە ... بەلام وەكو شتی لە پر بیری لی ووردووژا ! . ئەوە نزیكەی دە سالە لەم ساتەدا لە ناو جیگادا نەبووە ئیستە كاتی ژماردنیانە پینج پینج وەكو مەر لە ناو حەوشەكەدا مولیان ئەكردن لە بەردەمی ژووری فەرمانداری زیندانەكەدا – هەروەكو ئیستەش هاوریكانی مول كراونو بە چیچكانەوە دانیشینراون . هەی چە كافربایكن ! جاری وا هەبە سەعاتیك زیاتر ئەو خەلكە بەو چەشنە ئەهیلنەوە بە بی ئەوەی بویرن بار بگورن . وای بە حالی ئەو كلولەی پیی شل ئەبی ، دەست ئەخاتە سەر ئەرز یا دائەنیشی . وەردیانیكی چەتەول بە قەمچی دایئەگری ، بگرە كویتیەشیت .

جوامیر لەم چەشنە بیر كردنەوانەدابو كە لاوە بە ئەسپایی دەرگای ژوورەكەی قلشاندەوە كە دی جوامیر بە خەبەرە هاتە ژووری ووتی :

– روژ باش كاكە جوامیر ئەوە هەستاوی . ئیمە لە میژە هەستاوین لە خەو ، بەلام نەم ویست خەوت لی تیك بدەم ووتم ماندووە با بنوی . كەواتە هەستە با بچین نانو چا بخووین .

– جوامیر ووتی :

– وا هاتم ... منیش دەمیكە هەستاووم ، بەلام شەو باش نووستم تا بەیانی جوولەم نەكردووە

لاوە ووتی :

– كەواتە ئاگات لە تەقو هوری ئەمشەو نەبووە ! ؟ دەنگی تەقەكان ئەوەندە نزیك بوو ، دوورنییەهیزی ( ل . ا . ن ) هاتبنە شارەوە . ئنجا خوا ئەیزانی ئیمرو لەشكری میری چی بە خەلك ئەكات ؟ بی گومان كوژراوو برینداریش لە هەردوو لاو لە بی لایەنیش زورە ! هەر كە تەقە برایەوە لەشكری میری وەكو گورگی هارئەكەویتە ناو شار جاری لای هەر گەرەكیكەوە تەقە دەستی پی كردبی ئەوە وای بە حالیان هەرچی پیاوی ناوداری تیا مابی ، كە تا ئیستە نەگیرابی ، یا خوی بە میری نەفروشتبی ، هەموویان ئەگیرین دەست بەسەر ئەكرینو دوور ئەخرینەوە لە ناوچەكە . خو ئەو كلولەی قەوانی فیشەكی لە بەر مالا بدوزریتەوە ئەوا بە سەرو مالەوە تیا چووە . ئەو هیچ رەنگە هەر لە ئیستەوە مال پشكنین دەستی پی كردبی . لە مانگی پیشودا كە گەرەكی (س .) یان پشكنی بو بەدبەختی لە مالی خەزوورما لە كونە بیریكدا دەمانچەیەكی قەرە بینای رزیوی ژەنگاوی زەمانی تەقیانووس ئەدوزنەوە . بە بی پرسیارو قسە نزاری كوردی كەوا ئاقە پیاوی مالەكە ئەبی ، ئەگیریتو حوكمی حەوت سال زیندانی ئەدری بەسەردا كە ئەو قاتەكەی بە ئەندامەكانی عورفی ئەلی ئەم دەمانچە ژەنگاوییە كونە بەكاری هیچ شتیك نایەتەوە هیچ زیانییەكی ی ناكریت هەر بە ناو دەمانچەیە !

سەرەکەکەیان پێی ئەلێ راستە قسەی تۆیە ئیمەش هەر لە بەر ئەوە لە باتی هەلواسین بەحەوت سال زیندان وازمان لێ هینا . ئەگەر دەمانچە دارینەی منالانەشتان لا بدۆزینەوە هەر حوکمتان ئەدەین چونکە نیشانەی حەز لە چەك کردن و بەکار هینانیەتی کە ئەمەش گەورەترین مەترسییە بەرامبەر بەمانەوەی دەسەلاتی ئیمە . لەو رۆژەوە ئەو قاتە کە نەیوێراوە بچیتە بەر دەمی عورفی بۆ موحاکەمە وە کورەکەش وونە بێ سەرو شوین کەس نازانێ بردوویانە بۆ کوێ . مالیان بەقور گرت ژنو منالەکانی لە برسیتیدا پەنایان بردە بەر مالی خەزوری کە ئەبێ لە دەمی خۆیان پاروویان بۆ بگیریتەوە خەسوشم چووە مالی زاواکەی کەی . لە لادێ زۆری لە گەل خەریك بووم کە بیتە مالی ئیمە نەهات ئەی ووت چاوم بەرایی نایە ئیتر لەم شارەدا دانیشم .

ئیجا رەنگە تۆش بزانی کە کابرای ژن برام چون بیرو باوەریکی کۆنەپەرستانەی هەیە ، نەك ئیستا کە لە چل تێپەریوە ، لە تافی هەرزەکاریشا کە ئیمە هەموومان کەمو زۆر تیکەلی بزوتنەوەی نیشتمانی ئەوسایە بووین ئەو گالتەی پێ ئەکردین ، بەیاننامە بلاو کردنەوەو کۆبوونەوەو قسە لە وەزعی نیشتمان کردنمانی بە شتیکی بێ کەلكو زیاندار ئەزانی سیاسەتی بە کاری گەورە پیاوان ئەزانی ، ئەوانەی دەلالو جامبازی ئیمپریالیزمن لە داگیر کردنی وولاتەکەمانا . ئەوساش و ئیستەش لای وایە بەگژا چوونی هیزی دیو پڕ چەکی خاوەن توپو تانكو فرۆکەی ئیمپریالیزم لە خۆ بە کوشتندان بەولا ناویکی کەی نییە .

جوامیر کە لە پیشەوە بە دلو لە باشا بە بیزاری گوێی لە قسەکانی لاوە ئەگرت هەلیدایە وتی :

ـ گیانەکەمی جاری واز لەم باسانە بینە ، وەختی زۆرمان هەیە ئەم قسانەی تیا بکەین . تۆ مشوریکی هیواو دایکیم بۆ بخۆ ، هەستە زوو ، لە ریی خوادا یەکیکی شارەزاو باش بدوزەرەوەو بینیرە بە دوای منالەکانما .

لاوە بە دەم هەناسەیەکەوە ووتی :

ـ داخم ناچێ ئیمرو ناتوانین هیچ بکەین .

ـ چون ؟ چون ناتوانین هیچ بکەین ؟ تو خوت شەوی بەلینت نەدامی کە بەیانی زوو یەکیك ئەنیریت ؛ گیانەکەمی ئەمەندە دەستی دەستیم پێ مەکە .

جوامیر لە سەر خو ووتی :

ـ راستە من بەلینم دایتی بەلام من چوزانم شەو پەلاماری شار ئەدریت .

جوامیر بە توورەییەکەوە ووتی :

ـ پەلاماردانی شار هەقی چییە بە سەر ئیشی ئیمەوە !

لاوە ووتی :

ـ گیانە ! تو بە خورایی خوت سەغلەت مەکە ؛ ئەو شەوانەی کە شاری تیا ئەدریتە بەر تەقە بە روژ نایەلن قوش لە شار بچیتە دەرەوە . بە حسابی خویان بە دووی پەلامارەدەرەکانی شەوا ئەگەرین کە لایان وایە ئەوان مەلنو شاریش قەفەسە لێ دەرچوونیان نییە .

جوامیر ئاهیکی هەلکیشا ووتی :

ـ ئەبو بزانم ئەوە بەختی من نییە کە لە گەل بەریوونما دنیام بو بگوردیت بە بەهەشت . ئەو بەختە رەشەی بە خوتوخورایی تووشی دەسال گرتنو مالویرانی کردم ئیستەش وا بە ناوچەوانمەوە وەك داخ لیی هەلکەنراوە !

لاوە ویستی دلخوشی بداتەوە بە زەردەخەنەیەکی کالەوە ووتی :

ـ ئەم قسە پرووپووچانە چییە چارەنووس مانای چییە ، ئەگەر بەیادەم لە بوونیەوە کردارو رەفتارو هەموو شتیکی خوی لە ناوچەوان نووسرابی ئیتر هەولو تەقەلاو تیکوشان مانایان چییەو بە کەلکی چی دین ؟

ـ هەولو تەقەلاو تیکوشین هەر ئەتگەیەننە ئەو پلەو پایەو شوینەی کە لە چارەت نووسراوە ... پروانە چەند هەزاران ، ملیونان خەلك تی دەکوشن هەول ئەدەن کەچی نانیان بە دودا ناگات ! زوری واش هەن چە هەولو تەقەلایەکی ئەوتوشن نادەن کەچی ئەلیی پارە بە سەریا ئەباری !

لاوە ووتی :

ـ ئەوی راست بێ من لەم چەشنە قسانە ناچیتە میشکمەوە باوەری گەورەو تەواوم بەو قسەیە کە ئەلێ :



جەمال شالی — دان بە تاوانەکاندا ئەنیم — کەوتە ژێر چاپەوە

کەرکوك : عبدالله سراج

# کورەی ئاسنگەر

chalakmuhamad@gmail.com

## چیروکیکی شانویی یە لە سی پەردە

### ( پـەردەی سـێیەم )

لە ژووریك لە مالی دلشـــاد ...،
هوشیارو شیرکو میوانن ..دلشادو
باوکی لای چەپەوە دانیشتوون ...

**هوشیار : ــ**

هاورێنە خوشەویستەکانـــم ،
تکایە گوی بگرن لەم هەلبەســـتە
تازەیەی کە هوندومەتەوە ، بزانـــم
رانان چی‌یە ؟

**هەموو : ــ**

فەرموو . فـــەرموو . بـــەلام
هەلبەستەکەی ئەم جارەشت لـــە
سەر زولفی یاری رەش‌مارو چاوی
کەژال نەبی !

**هوشیار : ــ**

نا ، نا ئەم جارە وا نی‌یە ... لە
سەر ئەو باوەرە کونە نـــەماووم ،
ئیستا هەستیار پیویستە پەیوەندی
بە کومەلەوە هەبی ... نەك لـــە
گیژەنگی خەیالدا بژی .. ئەتوانـــم
بلیم هەلبەستەکە شورشیکە لـــە
بارەی ناوەرولئو شیوەی داتانی ..
فەرموون گوی بگرن : ــ

**دلشـــاد : ــ**

پیشان پیمـــان بلـــی نـــاوی
هەلبەستەکەت چی‌یە ؟ .

**هوشیار : ــ**

ناووم ناوە ( شاری مردووان ) :
( دەست ئەکا بە خویندنەوە ) : ــ

لە ناو بیشەلانی چرد
چلی قامیشم هەلچنی
بو ئەوەی بیکەم بە شمشال
شادی ببەخشم بە گشت
دانیشتووانی شارەکەم .

**دلشاد : ــ**

جا ئەمە کەی بو بە هەلبەست !
کوا کیش‌و قافیەو ؟ تەنانەت دووا
دیرەکانیشی وەك یەك نین ..

**هوشیار : ــ**

وا دیارە تو هەلبەستی نویـــت
نەبیستووە ، ببە هەموو شتیـــك
بەرگیکی تازەی کردوتـــە بـــەر ،
میکرو جوب‌و موسیقـــەی جـــازو
هەلپەرکـــی‌ی جـــور جور و
« ناماقول » و زور شتی تر هەمووی
بەلگەی قسەکەمـــە .. جـــا بـــو
هەلبەستیش لاسایی ئەو هونەرانـــە
نـــەکاتەوە .

**دلشاد :** ــ بەلام ....

**شیرکو : ــ**

توخوا دلشاد ئیستا کاتی ئـــەم
بگرەو بەردەیـــە نی‌یـــە ، بیلە بـــا
( بە خـــەندەوە ) هەلبەســـتە
میکروجوبەکەی تەواو کات .

**هوشیار : ــ**

کاك شیرکو ، نـــاوی چی لـــی
ئەنی‌ی ئارەزووی خوتە ( بەردەوام
ئەبـــی لـــە خویندنـــەوەی
هەلبەستەکەی ) :

ماوەیەك ماندوو بووم
هەتاچلەکە ، بەرگی شمشالی پوشی
بەلام کە رووم کردە ناو شار
شمشالم ژەند
کەس نەبو گویم بو شـــل کات
تەنانەت کەسیش نەبووت ئەوەچی‌یە
بەلای لیوتەوە ؟ !

**دلشاد : ــ**

بی‌گومان کەس لا لەم هەلـــەق‌و
بەلەقە ناکاتەوە ..

**هوشیار :**

کاك دلشاد وا دیارە ئەرازووی
تو لە هەلبەست پیوان دا تەنهـــا
کیش‌و بەس .. تو گوی شل‌کە بـــو
بیرو ناوەخنی ووشەکانم .. ماوەم
بدەری هەتـــا تەواوی‌کەم ، ئەوسا
کەیفی خوتە :

**دلشاد :**

دلگیر مەبە .. لە قسەکانم ...
فەرموو وا گویم لاتە ..

**هوشیار : ــ**

ناچار بە مل شوری
غەمگین‌و کەســاس
رووم کردە بیشـــەلانی دایك ..
رووم کردە کانگای ئاواز
بویە لە قولایی دەروونەوە
لە گەل لافاوی ئاوازی غەمگین
فرمیسکی رەشـــم هەلرشت
بو شاری مردووان .
بیشەلان‌و بالندەکان هاوبەشم بوون
کناچەی پوورو شەقەی بالی کوتر
تیکەل بە نوزەی شمشالەکەم
بوون بە سیمفونی‌یەکی فرمیسکاوی
ئەمر

ناکاو دیم لق‌و گه‌لای داره‌کان
روك سووك دین‌و ئه‌چن
ام نه‌مزانی هوی چی‌یه ..
ر چونیك بی ، خو جولانه‌وه
که‌ی ژیانیان دایه ده‌سته‌وه
و بی وورته نه‌بوون
ك دانیشتوانی شاره‌که‌م ...
( هه‌موو له خوش‌یانا ئه‌ده‌ن
چه‌پله ) ..

**باوکی دلشاد :**

به راستی ووشه‌کانت ساکارو
یرن ، هه‌ست ئه‌بزوینن به‌لام
ج سه‌د ئاخ ئه‌م بیره‌ت برشتایایه
سه‌نگ‌و قافیه‌وه ...

**هوشیار : ــ**

من له‌م قسانه‌ی ئیوه سه‌رم سور
ینی .. باشه ئیوه چیتان داوه
کیش‌و دوواریکی ئه‌و شتانه ؟ !
ا ئه‌م ووشانه هه‌ستی راسته
نه‌ی ده‌روونم ده‌رنابرن ؟ بوچ به
ش‌و دووابه‌ند کوسپه‌یه‌ك له
که‌ی دروست بکه‌م ؟ . من
به‌ستم له هه‌لبه‌ست ته‌نها
بزینی هه‌سته نه‌ك وورده کاری‌و
خه‌ریك کردن به شتی بی
رود ...

**دلشاد : ــ**

له گه‌لتام هه‌لبه‌ست هه‌ستی
روونه به‌لام تو خوت به
ستیاریکی ( واقیعی ) ئه‌زانی ،
چوا که‌وتویته‌ته ناو ده‌ریای
یالی رومانسی‌یه‌وه ؟

**هوشیار : ــ** !

تو واقیعی به چی ئه‌زانی ؟ خو
نگ‌و باسی روژنامه نی‌یه رووت‌و
وان واقیعیتیکی ووشك ده‌ربری .

**دلشاد : ــ**

هه‌روه‌هاش واقیعی‌ئه‌و خه‌یاله‌ش
نی‌یه که تو نوقمی بوی ...

**هوشیار : ــ**

راسته واقیعی خه‌یالیش نی‌یه .
ئه‌توانم له چه‌ند ووشه‌یه‌کدا بلیم
رووداوی راسته‌قینه‌یه به مه‌رجیك
هه‌ستی مروف له گیرانه‌وه‌ی ئه‌و
رووداوه ئازادو به‌ره‌لابی ...

**باوکی دلشاد : ــ**

من له‌م قسانه‌ی ئیوه تی ناگه‌م
چاکتر وایه به‌جیتان بیلم ..

**شیرکو :**

توخوا باوکی دلشاد ، که‌می
ئارام بگره با بزانین ئه‌نجامی
سه‌رکه‌وتن بو کی ئه‌بی ..

**دلشاد : ــ**

راسته هه‌ر هونه‌رمه‌ندیك ئه‌بی
هه‌وینی بیره‌که‌ی له ژیانی کومه‌له‌وه
وه‌ر بگری به‌لام به شیوه‌یه‌کی
هونه‌ری وا ته‌لی‌هه‌ست‌بخروشینی‌و
مروف بو جیهانیکی تر ببات .

**هوشیار : ــ**

( به پیکه‌نینه‌وه ) بی ئه‌وه‌ی
هه‌ست به خوت بکه‌یت هاتیته سه‌ر
رای من ... باشه ئه‌م ووشانه‌ی تو
به کارت هینا ، وه‌ك ( شیوه‌یه‌کی
هونه‌ری ) و ( ته‌لی هه‌ست ) و
( خروشاندن ) و ( جیهانیکی تر )
ئه‌مانه هه‌مووی ئه‌و خه‌یاله
رومانسی‌یه نی‌یه که تو دانی پیا
نانی‌ی . ؟ !

**شیرکو : ــ**

( هه‌لئه‌ستیته سه‌ر پی ) : کاك
دلشاد هیچ ئه‌م لاو ئه‌ولا مه‌که ..
به‌خوا کاك هوشیار داویکی باشی
بوت نابه‌وه ....

**دلشاد : ــ**

نه‌خیر کاك شیرکو ، تو به
هه‌له‌دا چویت ، مه‌به‌ستم ئه‌وه نه‌بو
دان به واقیعی‌یه‌ت‌و هه‌لبه‌ستی
نوی ئه‌نیم بگره ، ویستم کاك
هوشیار تاقی که‌مه‌وه ، بزانم هه‌تا
چ راده‌یه‌ك باوه‌ری خوی ئه‌پاریزی‌و
له پیناوی‌دا کوشش ئه‌کا ... خوت
باش ئه‌زانی هه‌موو روژی ئه‌چمه
( مه‌زادخانه ) بو ئه‌وه‌ی له ژیانی
خه‌لك شاره‌زابم‌و هه‌ست به
واقیعیان بکه‌م‌و له سه‌ری بنوسم .

**هوشیار :**

هه‌لبه‌ست هه‌ناسه‌ی ده‌روونه ،
به‌لام کیش‌و قافیه ، گرنگی‌یه‌کی
ئه‌و تویان لام نی‌یه ، گرنگ ئه‌وه‌یه
لام هه‌ستیار ئه‌لی چی ..

**شیرکو :**

باشه کاك هوشیار ئه‌م شیوه
تازه‌یه‌ی هه‌لبه‌ست سه‌رئه‌گری ؟ .
مه‌به‌ستم چیژی لی وه‌رئه‌گیری ؟

**هوشیار :**

هه‌ر شتیکی تازه له پیشان
به‌ربه‌ره‌کانی ئه‌کری ، وه له پاشان
ره‌گ‌دا ئه‌کوتی‌و خه‌لکی ئه‌بن به
هوگری‌و چیژی لی وه‌رئه‌گرن .

**دلشاد :**

باشه که ماوه‌مان به نوی‌دا ، چی
له کون بکه‌ین ؟ ئایا جیگای گومی
نه‌مانه ؟ !

**هوشیار :**

نه‌خیر .. ئه‌و که‌لچه‌ره کونه‌مان
ئه‌خه‌ینه ناو ( کوره‌ی ئاسنگه‌ره‌وه )

**باوکی دلشاد : ــ**

چاك وایه ماوه‌ی من بده‌ن بروم
.. ئیتر ئاره‌زووی خوتانه ( کونه )
که‌تان چی لی ئه‌که‌ن ...

**شیرکو : ــ**

کوره‌ی ئاسنگه‌ر ! جا کوره له
گوم خراپتره ..

**هوشیار : ــ**

بەلی جیگای کورەی ئاسنگـەرە ، هەتاکو نەرم ئەبی وە لە پاشاندا ئەرژیتە قالبیکی نوی‌وە ، بـە جوریك بگونجی لەگـەل ژیانی نوی‌دا ... بو نمونە ، گاسنی هەزار سالەی پیشوو ... ئیستا ناشی بو جووت کردن وا ئالەت‌و ماشینی تازە بابەت داهاتووە بو ئـەم مەبەستە ....

**باوکی دلشاد :**

**لەم بارەوە لە گـەل هوشیارم .. چونکە لە کاتی لاوی ئیمە ئافرەت دوو عەبای ئەدا بە سەردا ، ئیستاکە ئەو عادەتە نەماوە بگرە یەك عەباکەش بەرەو لاچوون ئەروا .. کورە شیرینەکانم گیستی بو پیشەوە ئەروا ..**

**هوشیار :**

( بە خەندەیەکەوە ) دیت ( روو ئەکاتە دلشاد ) چون کون کـە باوکتە دانی نا بە تازەدا ( سەرنج لە کات ژمیرەکەی ئەداو ئەلی ) : زور حەزم ئەکرد ماوەم بدەن بروم ، چونکە برادەریك چاوەریم ئەکا ..

**دلشاد : ـ**

دە دانیشە کاتیکی تر چاووت بەو برادەرە بکەوی ..

**هوشیار : ـ**

وا بزانم جوان نی‌یە لە کاتی دانراو ئامادە نەبم ، ئەوەش بزانن برادەرەکە لە برا **عارەبەکانە** ..

**باوکی دلشاد : ـ**

وا دیارە هونەرمەند یا نوسەرە

**هوشیار : ـ**

بەلی ئەیەوی شارەزایی پەیدا بکات لە ویژەی کوردی ، جا بـە هەلم زانی لە هونەرو ویژەی کوردی بوی بدویم .. هیوادارم مـاوەم بدەن .

**هەموویان :**

هەقتە ، هەقتە .. ( هەلئەستی‌و بەری ئەخەن ) .

**باوکی دلشاد :**

**کی ئەبووت ئەو منالەی دیوینی ئەم بلیمەتەی لی دەرئەچی ! باوەرم پی بکەن لە منالی‌دا هیچ‌زیرەکی‌یەکی لی بەدی ناکرا ...**

**دلشاد : ـ**

بابەگیان .. زیرەکی‌و بلیمەتی نەخشیك نی‌یە لە ناوچەوانی مروڤ دیار بی ، بگرە توانایەکی بەندکراوە ، کە دەرفەتی بو هەلکەوت وەك خیو دەر ئەپەریتە دەر ..

**شیرکو : ـ**

وا بزانم ئیوە لە کاتی‌خویندنەوەی هەلبەستەکەی چاوتان لـە رووی‌و هاتو چوی دەسـتی نـەبوو ... باوەرم پی بکەن بە پلنگیك ئەچوو لە کاتی هیرش‌دا ..

**دلشاد : ـ**

راسـت ئەکـەی چونکـە هونەرمەندی راستەقینە لـە تـوی ووشەکانی‌دا ئەژی‌و خـوی بـە پالەوانی هونەرەکەی ئەزانی ...

**شیرکو : ـ**

( بەزەردەخەنەیەکەوە ) : وا بزانم ریگای منیش ئەدەن بەجیتان بیلم‌و بروم ..

**باوکی دلشاد : ـ**

توش وا دیارە ئەچیتە لای ...

**شیرکو : ـ**

نەخیر باوکی دلشاد ، ئەمـەوی یارمەتی باوکم بدەم ، ئیستا لەوانەیە ماندوو بووبی ..

**باوکی دلشاد : ـ**

**بوو ؟ خەریکی چی‌یە ؟ دیارە لە مالەوە یارمەتی دایکت ئەدا !**

**شیرکو :**

خوت ئەزانی ئیستا کاتی ریـك خستنی باخچـەو ناشـتنی دارو درەختە .

**دلشاد :**

باشە باخەوانتان نی‌یە ؟

**شیرکو : ـ**

باخەوانمان هەیە .. بەلام باوکم تەنها لە بەر قسـەی ئـەم‌و ئـەو رای‌گرتووە ، باوەر بکەن ، ماوەی‌نادا دەست بو لقە داریك بەری ، سەری مانگان پارەی خوی وەرئەگری ...

**باوکی دلشاد : ـ**

**باشە مەبەستی چی‌یە وا خـوی ماندوو ئەکات ؟**

**شیرکو : ـ**

باوکم لەم ماندوو بوونەو ئارەق ررشتنە چیژ وەرئەگری ... زور جار گویم لی بووە ووتوویەتـی : « ئەگەر بە دەستی خوم پەروەردەی نەکەم سوودی چی‌یە ؟ من باخچەم بو خوم کردووە نەك بو باخەوان » .

**باوکی دلشاد : ـ**

کورم هەقتە ، ئیستا ئەتوانـی برویت ، بەلام توخوا راوەستە بـا دووا پرسیارت لی بکەم ، ژنەکەت کەی ئەگوازیتەوە ؟ ماوەی مانگیـك زیاترە داخوازی یەکترن ...

**شیرکو : ـ**

باوکی دلشاد خـو تو شوکـر تیگەیشتووی ، نابـی ماوەیـەك پیکەوە بین‌و لە یەك شارەزابین ، هەتا لە پاشە روژ توشـی گیـرو گرفت نەبین .

**باوکی دلشاد : ـ**

باشە هەتا ئیستا لە یەك شارەزا نەبوونە ، کورم ئەم ماوەی ( تاقی

دنەوەیە مەرجێکی بنەرەتیـــە ،
لام تو نازانی خەلکی ئەلین چی ..
**دلشاد : ــ**
بابە گیان : خەلك هەقیان چی‌یە
سەر شیرکووە ، هەر کەس لــە
دەوەی خوی ئازادە ، ئەوانــەی
مە قایل نین ، بی گومان ساویلکەو
زانــن ... پیویستە منو کــاك
یرکو خومان بکەین بە قوچــی
ربانی هەتا خەلك رادین ..
**باوکی دلشاد : ــ**
فەرموو کاك شیرکو برو هەتــا
وکت تورە نەبووە .
**( شیرکو بەری‌ئەخەن )**
**باوکی دلشاد : ــ**
ئەمرو ژیان بوتە هــــاوکاری ،
اك وایە منیش یاریدەی دایکت
ەم ...
**دلشاد : ــ**
بەلام بابە گیان ، ووریابە شتیك
شکینی ، چونکە ئەمە یەکەم جارتە
ریدەی دایکم ئەدەیت .. منیشــ
کتیب ئەخوینمەوە ...
( باوکی دلشاد ئەچیتــە دەرەوە
دلشادیش کتیبیك ئەگریتە دەس)و
لی : راستە پیشکەوتن بە گوران
ی ، گورانیش واتە نوی .
**( پەردە دا ئەخری )**

## روون کردنەوەیەك

**لە بەر چەند هویەکی تایبەتی لەم ژمارەیەدا گوشەی ( هونەرو کومەل) نەکرایەوە چاوەروانی ئــەم گوشە بکەن لە ژمارەکانی داهاتوودا**

**رزگاری**

## اعـــلان

سيجرى تسجيل فضلة الطريق ذات التسلسل ٦٦٨ الواقعة في محلــة سرشقام بادم محافظية السليمانية باعتبارها ملكا صرفا فعلى من يدعى خلاف ذلك مراجعتنا خلال ثلاثــين يوما من تاريخ اول نشرة مستصحبا مستنداته .

سعيد شفيق
مدير طابو السليمانية
رزگاری ژمارە ١٣

## اعـــلان

**مشاريع اعمار الشمال لعام ٦٩/٩٧٠**

توجد مناقصة سرية لتعهــد انشاء ثمانية دور في مركز محافظة السليمانية وفـــق الشــروط والمواصفات الخاصة به والتي يمكن الحصول عليها لدى شعبة اعمــار المحافظة لقــاء ( ـ/٥ ) خمســة دنانير غير قابل للرد .

على الراغبين مـــن المقاولــين المسجلين لدى دائرة ضريبة الدخل وغرفة التجارة تقديم عطاءاتهم الى مجلس الادارة الساعة ١١ زواليــة من يوم الاثنين الموافق ٢٣/٢/٩٧٠ بعد تعزيزها بتأمينـات نقديــة او كفالة مصرفية او صك مضمون لامر هذه المحافظة بمبلـــغ ( ـ/٥٤٠ ) دينارا .

تهمل العطاءات التي لا تقدم فى الموعد المعين او التي لا تتوفر فيهــا الشروط .

سيروان الجاف
و . محافظ السليمانية
رزگاری ژمارە ١٣

## اعـــلان

**المنهاج الاستثماری لعام ٦٩/**

بناء على ما جاء بكتـــاب وزارة الداخليـــة ١٣٢٤ في ٢٦/١/٩٧٠ المعطوف على قرار لجنــة فتـــح العطاءات الخاصة بمشاريع الخطــة الاقتصادية قررنا اعادة الاعلان عــن المناقصة السرية لتعهد انشاء مدرسة ثانوية رقم ( ١ ) في السليمانية وفق الشروط والمواصفات التي يمكــن الحصول عليها لدى الادارة المحلية لقاء ( ـ/١٠ ) دنانير غير قابل للرد .

على الراغبين مـــــن المقاولين المسجلين في غرفة التجارة ودائــرة ضريبة الدخل تقديم عطاءاتهم الــى مجلس الادارة الساعة ١١ زوالية من يوم الاثنين الموافق ٢/٣/١٩٧٠ بعد التوقيع على صحـــائف العطــاءات كاملة والصاق الطوابع اللازمة عليها وتعزيزها بتأمينات نقدية او كفالة مصرفية او صك مضمون لامر الادارة المحلية بمبلغ ( ـ/٩٥٠ ) دينارا .

تهمل العطاءات التي لا تقدم في الموعد المعين او التي لا تتوفر فيهــا الشروط .

سيروان الجاف
و . محافظ السليمانية
رزگاری ژمارە ١٣

**چـاوەروانی ژمـارەی تایبـــەتی رزگـــاری بن لـــە سەر چیـــروك**

## اعــــلان

الحاقا باعلاننا المرقم ٢٦٥ فـــي ١٩٧٠/١/١٩ .

لعدم ملائمة الاسعار المقدمة مـن قبل المقاولين المشتركين في المناقصة السرية لتعهد اعمال تنظيم الميـــاه المتفرعة من منبع قوله في رانيـــة اجلت المناقصة المذكورة الى الساعة ١١ زوالية من يوم الاثنين الموافـــق ١٩٧٠/٣/٢ .

على الراغبين تقديم عطاءاتهم الى المجلس الاداري في الموعد المعين وفق الشروط المعلن عنها في حينه .

شكري صبري الحديثي
محافظ السليمانية
رزگاری – ژماری – ١٣

---

## اعــــلان

توجد مناقصة سرية لتعهد انشاء مستوصف صحي في بكره جو وفـــق الشروط والمواصفات الخاصة بـــه والتي يمكن الحصول عليها لـــدى الادارة المحلية لقاء ( ـ/٣ ) دنانير غير قابل للرد .

على الراغبين مـــن المقاولـــين المسجلين لدى دائرة ضريبة الدخل وغرفة التجارة تقديم عطاءاتهم الـــى مجلس الادارة الساعة ١١ زوالية من صباح يوم الاثنين الموافـــق ١٩٧٠/٢/٢٣ بعـــد تعزيزهـــا بتأمينات نقدية او كفالة مصرفيـــة او صك مضمون لامر هذه المحافظة بمبلغ ( ـ/١٤٣ ) دينارا .

تهمل العطاءات التي لا تقدم فـــي الموعد المعين او التي لا تتوفر فيهـــا الشروط .

شكري صبري الحديثي
محافظ السليمانية
رزگاری ژماره ١٣

---

## اعــــلان

سيجري سحب الاحالة القطعيـــة لتعهد انشاء محرقة في السليمانيـــة بعهدة راغبه بسعر الكشـــــف في الساعة ( ١١ ) زوالية من يوم الاثنين الموافق ١٩٧٠/٢/٢١ على الراغبين باقل الحضور لدى المجلس الاداري في الموعد المعين مستصحبين معهـم التأمينات القانونية .

سيروان الجاف
و . محافظ السليمانية
رزگاری ژماره ١٣

## اعــــلان

الحاقـــا باعلاننـــا ٢٧٤ في ١٩٧٠/١/٢٠ .

لعدم ملائمة الاسعار المقدمة مـن قبل المقاولين المشتركـــين فـــي المناقصة السرية لتعهد اعمال تبديد التكسية الحجرية على وادي جق جق ولفسح المجال امام اكبر عـــدد من المقاولين للاشتراك فيها اجلت المناقصة السرية الى الساعـــة ١١ زوالية من يوم الاثنين الموافـــق ١٩٧٠/٢/٢٣ .

على الراغبين تقديم عطاءاتهم الى المجلس الاداري في الموعد المعين وفق الشروط المعلن عنها في حينه .

سيروان الجاف
و . محافظ السليمانية
رزگاری ژماره ١٣

---

## اعــــلان

الحاقا باعلاننـــا ٢٧١ فـــي ١٩٧٠/١/٢٠

لعدم ملائمة الاسعار المقدمة مـن قبل المقاولين المشتركين في المناقصة السرية لتعهد انشاء ثلاثة غرف مع ترميمـــات دائرة بريـــد وبرق دربندخان ، اجلت المناقصة السرية الى الساعة ( ١١ ) زوالية مـن يوم الاثنين الموافق ١٩٧٠/٢/٢٣ .

على الراغبين تقديم عطاءاتهم الى المجلس الاداري في الموعد المعين وفق الشروط المعلن عنها في حينه .

سيروان الجاف
و . محافظ السليمانية
رزگاری – ژماره ١٣

## دربند ـ رانیه

پار دربند هر قلایکی روخاوی لی بو ایستا فیراز او خانوانه که پار حکومت بو دائری درست کردبوو ویجگه له تعمیرات قلاکه امسال حکومت دو دسته تریشی خانو لی درست اکا یکی لو دستانه هر بو ماموره‌کان دربند دبیت که خویان‌و ژنو مالیان تیادا نیشن . چونکه حتا ایستا ماموران دربند هر خویان له دربند وظیفه‌یان دبینی وجمعه‌و جمعه اچونوه رانیه بولای مال‌و مندالیان بلام لودوا که خانوه‌کان تواو بو ماموران دربند براحتی له کل‌مال‌و منالیان له دربند دادنیشن . حکومت دو وستای بنای له بغدادوه هیناوه همو روژی بچل تا حفتا کره‌کاره‌وه کاری تیا اکن . لم وختیه‌دا که هیشتا ایشو کاری سپانی‌و وزیری‌و اوانه پی نکیشتوه کلی لادی‌ی بی ایشوکار بواسطه کره‌کاری دربندوه معطل نمانه‌وه .

خو احتیاج بعرض کردن ناکا که ـ دربند ـ درکای کردستانه بروی عجما ویا درکای عجمه بسر کوردستانا . لبر اوی که جیکایه‌کی عمده‌یه بو تجاره‌ت‌و با خصوص که حاکم نشینه‌ کلی کس له اهل ام ولاته تمایانه مالیان بیننه دربند دانیشن . احتمالی هیه که لو دوا دربند ببی بشاریکی زور کوره .

پیشکوتن ، ، سال ـ ۱ ، ژماره ـ ٤

۲۰ می ۱۹۲۰

## اعــلان

لبر ظهوری آوله له اطراف قلعه دزه‌و رانیه‌و هنی کس بم نخوشیه عمری خوایان کردوه زور پیویسته که هموکس لم نخوشیه خوی بپاریزیت . امه بس بواسطه کوتانه‌وه ده‌کریت همو روژیك له خسته خانه سلیمانی له پیشی ساعت پینج‌و نیوی عربی روژه‌وه هتا ساعت حوت مجانا عملیات کوتان اجرا ده‌کریت . بو همو کس مصلحته که خوی بکوتیت . اکر له نفس شاردا ام نخوشیه سرایت بکات زور کسی پی هلاك ده‌بیت‌و او وخته پاراستن کلی مشکل‌تر ده‌بی .

دوقتور سلیمانی

پیشکوتن ، سال ـ ۲ ، ژماره ـ ۹٦

۲۳ فبروری ۱۹۲۲

## شکیك به پینج هزار لیره

لم روژانه‌دا له استرالیا شکیك به پینج هزار لیره فروشراوه . باوکی او شکه لوایش به چوار هزار لیره فروشراوه .

ژیانه‌وه ، سال ـ ۱ ، ژماره ـ ٤

۱۵ ائلول ۱۹۲٤

## اعــلان

ژماره ۱٦۳

بو زانین همو اعلان ده‌کریت که لو دوا خنجر به قدا کردن‌و هلکرتنی له ناو شاردا ممنوعه هچکسیك به پی ام امره نه‌روا به‌ریه‌وه به حپس ویا به جزا محکوم ده‌کریت .

۱۱ جون ۱۹۲۱

حاکم سیاسی

میجر کولد سمیث

## له الموصله‌وه :

### عجائب خلقت

ژنیك کچیکی بوه له هر دو لاجانکی‌و چناکه شتیك وکو شاخ لی رواوه ولوتی نیه‌و دانی هموی تواوه . دوقتور راپوری داوه که حوت روژ زیاتر ناژی .

۱٦ جون ۱۹۲۱

# رزگاری

مجلة اسبوعية عامة ـ سليمانية

★ رزگاری بڵاو کەرەوەی بیرو باوەڕی جەنگاوەرانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی‌یە لە پێناوی بەدیهێنانی ئازادانی نەتەوایەتی‌و چەوساندنەوەی چینایەتی‌دا .
★ رزگاری گۆڤاری کرێکارانو جوتیارانو رەوشەن بیرانی شۆڕشگێڕە .
★ رزگاری هەڵگری مەشخەڵی بیرو باوەڕی سۆشیالیستی‌یە .
★ رزگاری گۆڤاری تێکۆشەرانی ریگای رزگاری‌و دیموکراتی‌و سۆشیالیزمە .


**بەڕێز سەرۆك جمال عبدالناصر**
**یەکێتی کرێکارانی کوماری عەرەبی یەکگرتوو ـ قاهیرە**
**یەکێتی دەولی کرێکارانی عەرەب ـ قاهیرە**
**باڵوێزخانەی کوماری عەرەبی یەکگرتوو لە بەغداد**
**یەکێتی گشتی نەقابەکانی کرێکاران لە هەرێمی عیراق**
**یەکێتی کرێکارانی فەلەستین**

بە ناوی جەماوەری کرێکارانی کوردستانەوە ، کە تورەن لەو تاوانە درندانانەی کە سەهیونیەتی گوناهبار بەرامبەر گەلی فەلەستینی شورشگیر ئەی‌کا ، نارەزایی توندو تیژی خومان دەر ئەبڕین بەرامبەر بەو تاوانە درندانە نالەبارەی کە هێزە دەستدرێژی‌کەرەکانی ئیسرائیلی بە هاندانی ئیمپریالیزمی ئەمریکی کردی بەرامبەر بە کرێکارانی کوماری عەرەبی یەکگرتوو جارێکی کە تاکیدی یەکێتی هاو خەباتی‌مان ئەکەین لە گەل چینی کرێکاری عەرەبا لە تێکوشانی رەوایاندا دژی ئیمپریالیزم‌و سەهیونیەت وە لە پێناوی رزگاری فەلەستین‌و دامەزرانی کوماریکی دیموکراتی فەلەستینی‌یا لە سەر دارو پەردووی ئەو بنکە ئیمپریالیستی‌یەی خوی لە دەولەتی ئیسرائیلی فاشیستی‌یا ئەنوینی .

**حەمە صدیق نەجمەدین**
**سەروکی یەکێتی ناوچەیی نەقابە**
**کرێکاری‌یەکانی محافظەی**
**سلیمانی ـ عیراق**


لەچاپخانەی ( ژین ) لە سلێمانی چاپ کراوە نرخی ( ٧٠ ) فلسە